

# هونەر




**گفتوگۆی نێوان نەوەکانی هونەری**
**شێوەکاریی کوردیی**
**ئا: رۆشنا رەسوڵ**



**١٠ پێش بڕیار دەربارەی ئیسلام و هونەرو**
**چۆنێتی هەڵسەنگاندنی**
**و لەئەڵمانییەوە: نەهرۆ شەوقی**



**(لەشکری سەدام) و**
**دۆزی کورد لە عیراق**
**ئا: دڵشا یوسف**



**کاریکاتێریست گرفتار کاکەیی:**
**بەهۆی دەرخستنی راستییەکانەوە**
**زەندەقیان لەم هونەرە چووە**
**دیداری: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**



**حەمەی نێرگز:**
**گۆرانی رەسەن پێویست بەرتووش ناکات و**
**بەنەمری دەمێنێتەوە**
**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**



**شیرین جیهانی:**
**سەدا سەد دڵنیام سینەمای کوردی سینەمایەکی**
**تازە لەدایکبووە**
**سازدانی ئاراس ئیسماعیل-هەولێر**





**کۆنسێرتی.....**
**موزیکی کلاسیک**
**ئا: هەنار**

# گفتوگۆی نێوان نەوەکانی هونەری شێوەکاریی کوردیی

## «لەهونەری شێوەکاری کوردیدا کۆپی هونەری ئەوروپا کراوە »

ئا: رۆشنا رەسوڵ


شیروان خان


مەحمەد کاکەیی

ئەم پرۆژەیە هونەرمەند (شێروان خان) رێکیخستبوو لەژێر ناوی (گفتوگۆی نەوەکان و پەیوەندیان لەگەڵ بینەردا).


لەسیمینارەکەدا باس لەو کێشەو گرفتانەکرا کە هونەرمەندی کورد لەسالآنی پێشوودا رووبەڕوویان بۆتەوەو کارو بەرهەمە هونەرییەکانیان چۆن بووەو ئەو هەنگاوانەی کە ناویانە تا چەند دیاربووەو خودی ئەو هونەرمەندانە چەند کاریگەرییان هەبووە لەسەر نێوەندی هونەری شێوەکاریی.

سەرەتا پێکهاتەی کارەکە بریتی بوو لەدوو هۆڵ کە بەتەنیشت یەکەوە بوون، لەهۆڵێکدا هونەرمەندانی بەشدارو ئامادەبوو، ئەمانەبوون (ئیسماعیل خەیات، نەهرۆ شەوقی، مەحمەد کاکەیی، ئازەر عوسمان، شێرکۆ عەباس، عەلی کەریم). لەهۆڵەکەی دیکەشدا بینەران لەرێگەی سینەماڤیژنەوە ئاگاداری گفتوگۆکە بوون.






نەهرۆ شەوقی


ئیسماعیل خەیات


شێرکۆ عەباس


ئازەر عوسمان

شێروان خان وەك رێکخەرو بەڕێوەبەری پرۆژە، ئامانجێکی هەبوو لەپرۆژەکەیدا ئەویش کۆکردنەوەی چەند نەوەیەکە کە لەبواری هونەری شێوەکاریدا کاریانکردووەو لەگەڵ ئەوانەی کە ئێستاش کاردەکەن تاوەکو لەرێگایانەوە ئاگاداری پەیوەندی نێوان هونەرمەندان و بینەران ببین.

شێروان لەسەرەتادا وەك رێکخەری پرۆژەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان ئامانجیان بەرگریکردن نییە لەکارو چالاکی هونەریی هیچ نەوەیەك، کە چیان کردووەو چیان بەغیابی هێشتۆتەوە، ئەوەندەی دەیانەوێت باس لەو شوێن و بۆشایانە بکەن کە هونەرمەندانی کورد لەرابردوو تا هەنوکە پڕیان کردۆتەوە، هەر ئەمەش هۆکاری بەشداربوونی هەموو نەوەکان بوو.

یەکەم پرسیاری شێروان لەهونەرمەندانی بەشداربوو ئەوە بوو ئایا هونەری شێوەکاریی کە لەکوردستاندا دروستبوو لەترادسیۆنی خۆمانەوە هاتووە یان لەترادسیۆنی مۆدێرنەی ئەوروپاوە، کە لەئێستادا ئەو بزاڤە هونەرییە شێوەکاریەمان بۆدروستبووە؟

یان ئایا ترادسیۆنی هونەری شێوەکاری خۆمان هەیە؟

لەوەڵامدا هونەرمەند ئیسماعیل خەیات وتی: " هونەری شێوەکاریی کوردی لەشەستەکانی سەدەی بیستەمدا دروستبووەو دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەبەغدا کاریگەری هەبووە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هەبوونی هونەرمەندانی ئێمە کە لەوێ دەیانخوێند ئەو کاتە هونەری واقیعی ئەورووپی کاریگەری دەکاتە سەریان.

ئیسماعیل خەیات ئاماژەشی کرد بۆ ئەوە کاتێك

که هونەرمەندان (فایەق حەسەن و جەواد سەلیم) دەچن بۆ فەرەنسا لەگەڕانەوەیاندا هونەری ریالیزم و ئینتیبباعیەت و چەند ڕێبازێکی تر کاریان لێ دەکات، ئیتر لەوێوە هونەری شێوەکاری لەعیراقدا دەست پێدەکات.

دەربارەی پەیڕەوکردنی ئەو ڕێبازە هونەریانەی کە لەزانکۆو پەیمانگاکان پەیڕەو دەکرێت، خەیات پێوایە کە هونەری ئەوروپییە.

ئەوەشی وت هەموو نەوەکان لەڕێگای خوێندنەوە حەزیان لەهونەر کردوە، بۆنموونە لەکوردستاندا دوو تا سێ نەوە هەیە لەپەنجاکاندا هەندێك کەس ڕەسمیان کردوە لەوانە (جەمال بەختیار، حەسەن فەلاح) لەدوای ئەوانیش کەسانی تر هونەریان خوێندووە، ئەوانیش: (ئازاد شەوقی، خالید سەعید، حەمە کاکە....)

بۆزیارتر ئیزافە بۆ قسەکانی ئیسماعیل خەیات لەساڵی ١٩٥٢ بەو لاوە هونەرمەندانی کورد لەشارەکانی هەولێرو سلێمانییەوە دەچن بۆ بەغداو بەشێوەیەکی ئەکادیمی هونەر دەخوێنن.

یەکێك لەو هونەرمەندانەش کە ئیسماعیل خەیات ئاماژەی بۆکرد کە لەڕێگای خوێندنەوە پەرەیان بەهونەرەیان داوە هونەرمەند (خالید سەعید) ە.

خالید سەعید لەدوای هونەرمەندان دانیاڵ قەصاب و حەسەن فەلاح و عەزیز سەلیم دەکەوێتە ڕیزی ئەو هونەرمەندانەی کە لەدوای ساڵانی پەنجاوە دەست بەکارکردن دەکەن، لەساڵی ١٩٥٣ دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداو بەشی وێنەکێشان لەساڵی ١٩٥٥-١٩٥٦ تەواودەکات و لەساڵی ١٩٥٨ لەڕۆما لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بەشی (سینۆگرافیا) دەخوێنێت و ساڵی١٩٦٣ تەواوی دەکات.[١]

حکومەتی عێراقی یەکەم وەفدی قوتابیان لەساڵی ١٩٣٠-١٩٣١ دا دەنێرێتە دەرەوە بۆ خوێندنی هونەری شێوەکاریی، (ئەکرەم شوکری بۆ بەریتانیاو فایەق حەسەن بۆ پارس و جەواد سەلیم لەساڵی ١٩٣٨ خوێندنی پەیکەرسازی لەپاریس و ئیتالیا خوێند. ئیسماعیل شێخ، فەرج عەبو، عەتا صەبری و چەندین هونەرمەندی دیکەی عێراقی کە هونەری شێوەکاریان لەئەوروپا خوێندوە دەگەڕێنەوەو لەبەغدا هونەر بەشێوەیەی ئەکادێمی فێری قوتابیە کوردەکان دەکەن. وەك هەبوون و ڕۆڵی ئەو مامۆستایانەش لەسەر قوتابیە کوردەکان هونەرمەند[٢] خالید سەعید دەڵێت: "کە چومە پەیمانگا لەژێر ڕێنمایەکانی یەکێك لەباشترین مامۆستاکان دابووم، ئەویش هونەرمەند جەواد سەلیم بوو، کە بەشێوەیەکی زۆر باش ڕێنمای خوێندکارانی دەکرد ).[٣]





لەدوای ئەم جموجۆڵە هونەریانە لەساڵی ١٩٣٦-١٩٥٨ هونەری شێوەکاریی هاوچەرخ لەکوردستاندا گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتن، ئەمەش لەڕێگای چەند نیشانەیەکەوە دەردەکەێت کە د. فەرهاد پیرباڵ ئاماژەی بۆ دەدات لەکتێبی (مێژوی هونەری شێوەکاریی لەکوردستاندا لەکۆنەوە تا پەنجاکان) هونەرمەندەکان پەلوپۆیان هاویشت بۆ ڕەنگ، بەکارهێنانی فیبەرو وتاڵ و ڕۆن و تێکەڵاوکردنی کەرەستەکان و دوورکەوتنەوە لەخامەو خەڵوز، ورد وردە دوورکەوتنەوە لەنقڵکردن و کەوتنە داهێنان ئیتر ژمارەی نیگارکێشەکان زیاددەکات، دانیاڵ قەصاب و جەواد ڕەسوڵ ناجی ڕێبەرایەتی ئەم جموجۆڵەیان دەکرد.

ڕەنگدانەوەی کاریگەرێتیی شێوازو ڕێبازەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی بەسەر بەرهەمەکانی (دانیاڵ قەصاب و عەزیز سەلیم و ئەنوەر توشی و خالید سەعید) بەئاشکرا دیاربوو.

هونەرمەند عەلی کەریم کە یەکێك بوو لەهونەرمەندانی بەشداربووی گفتوگۆکە، کە مامۆستایە لەپەیمانگاو ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لەسلێمانی ئاماژەی بۆ ئەوە دا کە بزاڤی هونەری شێوەکاری باکگراوندی هونەریی نییە، وەك هونەری فارسی.. هەر بەوتەی عەلی کەریم لەشەستەکان بەرەو سەر خەڵك دوو ڕوویان هەبووە بۆ بەر هەمی هونەریی، یان ڕێگا ئاسانەکەیە کە هونەرمەند خۆی خۆرسك کاردەکات، یان ڕێگا ئەکادیمیەکەیە، ئیتر ئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی جوڵەی سەرەکی لەنێوەندی هونەری شێوەکاریی لەسلێمانی.

هەروەها بۆ درێژەدان بەو تەوەرەیەو مەسەلە هونەری فتری و ئەکادیمی خەیات وتی: "ئێستاش ئەو تەیارانە لەجیهاندا بوونیان هەیە".

ئەگەر سەیری هونەری شێوەکاری بکەین لەبیستەکانەوە تا پەنجاکان بەتایبەتی ١٩٥٨ زۆربەی هونەرمەندەکان فتری بوون. بۆ نموونە (حەسەن فەلاح) وێنەکێیش و خۆشنوس بووەو بەیەکەمین نیگاریش دەژمێردرێت کەهونەری نیگارێشانی هاوچەرخی لەشاری سلێمانیدا دامەزراندبێت [٤]

هەروەها ئیسماعیل خەیات ئاماژەی کرد بۆ خۆی وەك هونەرمەندێك کە ئەکادیمیای نەخوێندوە، بەڵام لەقۆناغی ناوەندی مامۆستای باشی هەبووەو زۆر ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ گرتنی ئەو ڕێگایە بەدروستی و شارەزابوونی بەماتریاڵ و ڕێبازەکان. هەروەها وتی: "شتێکی تر هەیە لەکایەی هونەریدا کاتێك کە هونەرمەند ئیشدەکات بۆ هەڵویستی ڕێبازی خوود بۆ نموونە سەرەتا من کاریگەری قوتابخانەی بەغدادی هونەری نوێم

بەسەرەوە بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کەرەستەکانم جیاوازبوون لەکارەکاندا تاموچێژی کارەکانی ئـــــەوان و خــۆشمـــی تـــێـــدا بـــوو”

ئیسماعیل خەیات وەك هونەرمەندێك کە لەرێگای خوێندنەوە پەرەی بەهونەرەکەی نـــەداوە، بـەم شـێـوەیـە بـاسـی لـەشـێـوازی کارکردنی خۆی کرد: “من کاتێك کە وێنە دەکێشم وەك هونەرمەندێك بیرم لەمەسەلەیەك کردۆتەوە، ئەو مەسەلەیەش گرنگ نییە کە هونەرمەند دەستنیشانی بکات چییە کە پاڵ بەهونەرمەندەوە دەنێت تا شتی باش بکات یان ئەنجامەکانی چی دەبن”

بـۆ زیـاتـر روونـکـردنـەوەو دەرخستنی پـەیـوەنـدی نـێـوان ئیسماعیل خـەیـات بەهونەرمەندانی کۆن و ئەوانەی کە هونەریان لەرێگای خوێندنەوە پەروەردە نەکردوە، ئاماژە بۆ وتەیەکی هونەرمەند (عەزیز سەلیم) دەکەم لەکتێبی (مـێـژووی شێوەکاری لەکۆنەوە تا پەنجاکان)ی د. فەرهاد پیرباڵ کەدەڵێت: (جیاوازی من و کلاسیکی ئەوروپایی لەوەدایە کەمن بەشێوازی سەرەتایی و خۆیی کارمکردوە، من بەو سەرەتای خۆییە خۆم ئیبداع کردووە، ئیبتیکارم کـردووە، بەڵام ئـەوان تەقلیدیان کردووە...، هونەرمەندە ئەکادیمیەکان جانتای خەڵی دیکەیان هەڵگرتووە، بەڵام من جانتای خۆمم هەیە).

عەزیز سەلیم جگە لەوەی کە خۆی بەخۆی و بەکارە هونەریەکانی دەڵێت من داهێنانم کردوە لەلایەکی تریشەوە کەسانی تر هەن کە هەمان

◆

**عەلی کەریم:**

**لەشەستەکان بەرەو سەر خەڵك دوو روویان هەبووە بۆ بەرهەمی هونەریی، یان رێگا ئاسانەکەیە کە هونەرمەند خۆی خۆرسك کاردەکات، یان رێگا ئەکادیمیەکەیە**

◆



بۆچوونیان هەیە، بۆ نموونە هونەرمەند (ئیسماعیل فەتاح تورك) لەدەفتەری یەکێك لەپێشانگاکانی عەزیز سەلیمدا دەنوسێت (بەراستی تۆ ئیبتیکارت کردوەو شتی تازەت داهێناوە)[٥]

شێروان وەك رێکخەری کۆرەکە پرسیاری لەهونەرمەندان کردو وتی” لەهونەری شێوەکاری کوردیدا کۆپی هونەری ئەوروپا کراوە، یان کاریگەری ئەوانمان بەسەرەوە بووە، ئەگەر باس لەدوو حاڵەتی هونەری بکەین وەك تیۆر ئایا هونەر حاڵەتێکی مێژووییە؟ لەلای هەندێك لەفەیلەسوفان هونەر لەزەمان و کاتی خۆیدا لەدایکدەبێت، حاڵەتێکی تریش هەیە کە (کانت) کە پێوایە هونەر فۆرمە، ئیتر من وەك زاتێکی پڕ بەرامبەر ئەو فۆرمە دەوەستم، ئایا هونەر تەعبیرکردنە لەواقع یان تەعبیرکردنە لەخودی خۆتان وەك هونەرمەند؟ یان ئەگەر هونەر حاڵەتێکی تەعبیری بێت لەناو زەمەن و مێژوی خۆیدا دروستدەبێت، ئەی چۆن دەتوانین ئەو هونەرەی لەئەوروپا هەیە بیهێنینە کوردستان، ئەمە لەلایەك من ئەگەر لەگەڵ هەموو فۆرەمەکان بکەومە دیالۆگەوە پێمسەیرە بۆچی لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا ( دۆشامپ) هەبووە ئەگەرچی هیچ لەو کاریگەرییانە بەر هونەری عێراقی نەکەوتون؟

مەحەت کاکەی بەم شێوەیە وەڵامی شێروانی دایەوە: “ لەوانەیە مامۆستاکانم حەزیان لەو هونەرمەندانە نەبووبێت، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە راگەیاندن لەو کاتەدا ئەوەندە بەهێز نەبوو تا ئەمانە بگەیەنێت، بۆ نموونە (شاکر حەسەن) مامۆستام بوو، لەژیانیدا باسی ( دۆشامپ) ی نەکردوە بۆم لەوانەیە حەزی لە(دادابیەکان) نەبووبێت، مەیلی زیاتر بەلای ( تەجریدا ) بووبێت، هەر بۆیەش زۆر باسی رێبازی تەجریدی دەکرد بۆمان، چونکە جیهانی خۆی و شێوازی کارکردنی نزیك بوو لە(تەجرید)ەوە”.

دەمــەوێــت ئـامـاژەیـەکـی کــورد بـکـەم بـۆ هـــەردوو رێـبـازی هونەریی (دادابیەکان)و(تەجرید).

(دادا) لەساڵی ١٩١٢ بەدواوە دەرکەوت و فەلسەفەکەی لەو دەستەواژە بێهیوایەدا روون دەبێتەوە ( هەموو شتێك هیچەو هیچیش هەموو شتێکە) خودی ناوی دادایزم ستایڵ و فەلسەفەی ئەو بزاڤە دیاریدەکات، وەك تەکنیکی کارکردن دادایزم دەیەوێت لەهەموو شتێك هەڵوێست وەربگرێت، بەتایبەتی لەکایەی هونەریدا لایەنی ستاتیکی هونەریان رەتکردەوە، تێروانینی ئەوان بۆ چەمکی تابلۆو پەیکەر بەتەواوەتی ئاوەژوو بۆتەوە، ماتریاڵ و ئامرازی نامۆیان بەکارهێناو دەیانویست ئەزموونە هونەرییەکان خەسڵەتێکی هەرەمەکی ناعەقڵانی لەخۆبگرێت بەجۆرێك لەیاریکردن بچێت.

دادا لەدیدگای خۆیەوە دەهات پارچە گۆڤارو شتی فڕێدراو و قوماش و شتی زۆر سەیرو نامۆی لەسەر تابلۆ ریز دەکردکە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نەبوو، ئامانج لەو جۆرە کارانەش چەمکی ستاتیکای باو و ناسراو ڕەتبکەنەوەو بیسەلێنن چێژی هونەر هەڵگری بەهای ستاتیکی نییەو بۆ دروستکردنی تابلۆش پێویست بەهیچ خۆماندوکردنێك ناکات، چونکە دادایزم فەلسەفەکەی هیچە.. یاساکەی بێ یاساییە.

هەرچی ڕێبازی تەجریدیشە هونەری نابابەتی بێ فیگۆرەو جیاوازە لەبزاڤە هونەریەکانی دیکە، لەبەرئەوەی بەتەواوەتی پشتی لەڕەگەزە ناسراوەکانی نێو سروشت کرد. ئەم هونەرە بەتەواوەتی لەوێنەی شتە ناسراو بەرچاو و هەستپێکراوەکان بەدوورکەوتەوەو شێوەیەکی نوێی بنیاتناوە لەسەر جۆرە پەیوەندیەکی وەها کە نەچێتەوە سەر واقیعە ناسراوەکە بەئاوایەکی دی لەڕوخساری دەرەوەیی رووت بکرێتەوە.(٦)

هونەرمەند نەهرۆ شەوقی لەسیمینارەکەدا دەربارەی ئەو هونەرەی کەگەیشتۆتە لای ئێمە لەکوردستان وتی:"ئەو هونەرەی تاوەکو ئێستا گەیشتۆتە لای ئێمە لەسەر دەستی مامۆستاکان بووەو پەروەردەکراوە لەکاتێکدا لێرە مامۆستا هەم هونەر پێشەو هەم هونەرمەند بووە ئەمەش گرفت دروستدەکات هەتا ئەگەر هاتوو خوێندکارێك تۆزێك لەڕێڕەوەکە لایداو تازەگەری کرد لەوکاتەدا ئەمەی لێ دەسەندرێتەوە، چونکە مامۆستاکەی توانای ئەمەی نییە، ئەمە یەکێکە لەهۆکارەکان، هۆکارێکی تریش هەیە ئەویش سیاسیە ئەو رقابە ئەمنیەی لەسەردەمی رژێمی بەعسدا لەسەر بزافی هونەری و رۆشنبیری هەبوو".

هەروەها نەهرۆ ئاماژەی کرد بۆ گرفتێکی تر کە گوایە مامۆستاکانی هونەر خۆیان دابڕیوە لەفەزا هونەریەکەی شارو پەیوەندیان لاوازە بەرامبەر هەموو ئەو چالاکیانەو بەتەواوی بەرەو نەمان دەچێت.

شیروان لەم بارەیەوە رونکردنەوەی هەبوو، وتی"من خەلەلەکە لەهونەرمەندی ئێرەدا نابینم، ئەوەندەی لەهونەرمەندانی بەغداو ئەو ماوەیەی کە هونەری شێوەکاری دروستدەبێت پەیوەندی گەورە لەنێوان هونەرمەندو بابەتی سیاسیدا دروستدەبێت. هەر شێروان بۆ درێژەدان و روونکردنەوەی ئەو تەوەرە باس لەنامەیەك دەکات کە لەلایەن هونەرمەند (جەواد سەلیم) وە نوسراوە، دەربارەی هونەری شێوەکاری عیراقی کە دەڵێت" ئیشێکی قورسە دەبێت هونەرمەندی عێراقی هونەری ئاشوری، هونەری ئیسلامی، هونەری مۆدێرنەی ئەوروپایی لێك بداتەوە بەمەبەستی دروستکردنی هونەری عێراقی".

شێروان قسەکانی ناو نامەکەی جەواد سەلیمی بەستەوە بەهونەری شێوەکاری





کوردی لەنێوەندی خوێندنداو وتی:" بۆ نموونە لەکارنامەکانی خوێندندا ئەمە بەدیدەکرێت (کارێکی سیاسی، کارێکی سەربەست، کارێکی فۆلکلۆر)، بەبڕوای من ئەمە زۆر قورسە، مێژوی خۆت لەگەڵ ئەوروپا، لەگەڵ هونەری ئیسلامی، لێ بدەیتەوەو هونەرێك دروست بکەیت، دیسان من پێموایە کە ئەمە خەلەل دروستدەکات، ئەی ئێوە پێتان چۆنە؟

لەوەڵامێکی کورتدا ئیسماعیل خەیات پێوابوو کە ئەمە خەلەل نییە.

شیروان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە هونەری ئیسلامی هونەرێکی ئاسیاییە، هونەرێکی مەنگۆلیە لەبنەڕەتدا، هونەری ئیسلامی هی ئێمە نییە، کەواتە هونەری ئیسلامی بۆچی؟

لەوەڵامدا ئیسماعیل خەیات وتی: "ئەی تۆ وەڵامت بۆ ئەو هەموو نەخش و نیگارەی کە کە لەبینای هونەری ئیسلامیدا هەیە چییە؟ کە هەتاوەکو ئێستاش هەندێك کاری هونەری ئیسلامی کاریگەری هەبووە لەسەر کاری هونەریی مۆدێرن بەپێی ئەو ڕێبازەی ئەو هونەرمەندە بۆی دەگەڕێت".

**ئیسماعیل خەیات:**

**ئەوەی هونەر دەیکات ئەدەب نایکات و ئەوەی مۆسیقا دەیکات لەوانەیە ئەدەب نەتوانێت بیکات**

ئیسماعیل خەیات وتیشی کەوا راگەیاندن دەور دەبینێت لەمڕوەوەو هونەر کردەوەیەکە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، هەر یەکێك بەجۆرێك گوزارشتەکە دەردەبڕێت، هەتا لەناو وێنەکانیشدا زمان و هۆکارەکان جیاوازە، بەبڕوای من ئەوەی هونەر دەیکات ئەدەب نایکات و ئەوەی مۆسیقا دەیکات لەوانەیە ئەدەب نەتوانێت بیکات.

شێروان لەپرسیارێکی دیکەیدا وتی: " ئایا

بەردەوام هونەری شێوەکاریی لەحاڵەتی گێڕانەوەدا نەبووە؟ ئەی ئەدەب کاریگەری بەسەر شێوەکاریەوە نەبووە؟

هونەمەند مەحەت کاکەیی دەربارەی هونەر لەساڵانی حەفتاکاندا وتی: " لەو کاتەدا زۆر گۆڕانی ئابوری و سیاسی و هونەری روویاندا، ئەویش ئەوە بوو چەند قوتابخانەی هونەری شێوەکاری هاتنە بوون".

عەلی کەریم دەربارەی ئەوە دووا کە گوایە ئاین ڕێگری بۆ هونەر دروستکردووە، نەیویستوە هونەر بکەین یان هونەرێك بەکەین کە زۆر تەشخیصی بێت لەبەر ئەوە هونەرمەندی ئێمە تاوەکو ئێستا خۆشەویستی بۆ ئیشە کەی نییە، بەڵکو وەك ئەرکێك کاردەکات، بۆیە گرفتی هونەر لەلای ئێمە ئەوەیە، هەنگاوێکە زۆربەی زۆری ئەوانەی کە دەخوێنن مەبەست فێربوون و دەربڕینی هەستی خۆیان نییە، ئەوە بەبڕوای من یەکێکە لەو گرفتانەی کە وا دەکات هونەرمەندی ئێمە پێشکەوتوو نەبێت، ئەوەی لەم قاڵبە دەرچووبێت پێشکەوتوو بووە، ئەوەی ماشبێتەوەو خۆشەویستی بۆ هونەرەکەی نەبووبێت یان ئەو خۆشەویستیەی تێدا نەبووبێت کە دەریببڕێت، ئەوە هیچی بەهیچ نەکردووە، ئیشەکەشی چەند جوان بێت لەبنەڕتدا مردووە. لەهونەری ئێمەدا کەمن ئەوانەی کە ئەو دەروێشیەیان تێدابێت، کەی ئێمە ئەو جۆرە هونەرمەندانەمان هەبوو ئەوە هونەرمان دەبێت.

ئەگەر بگەڕێمەوە گفتوگۆکانی سمینارەکە

◆

**بەختیار قەفتان:**

## مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی فراوانمان نییە کە بەرهەمی هونەریی شێوەکاری هونەرمەندانی تیادا پارێزراوبێت و خەڵکێکی خاوەن چێژوەرگر سەردانی بکات

◆





لەتەوەرێکی تردا باس لەوە کرا کە مامۆستای هونەرمەند لەزانکۆ و پەیمانگاکان مەنهەجێکی بۆ دانراوە کە زۆرجار ناتوانێت تەجاوەز بکات لەمەنهەجەکەو ئەو خۆشەویستیەشی نییە کە وانیشانی بدات ( شاگال) کە ئەو وێنەیەی کردووە خوێنی خۆیەتی، تەعبیری خۆیەتی مەسەلەکە جوانی نییە بۆیە من بڕوام وایە هەرکاتێك هونەرمەند گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەوەی بڕوای پێیەتی نیشانی بدات، کەمیان ئەمەیان کردووە ئەوەیشی کردویەتی وەك فەرزێك کردویەتی.

هەروەها هونەرمەند ئیسماعیل خەیات بەمەبەستی درێژەدان بەگفتوگۆکە وتی: "لەنێوان هەموو میللەتاندا هونەرمەندی باش هەیە، کە لەناو هونەرەکەیاندا چەندین ستایڵی جیاواز هەیە، خەڵکەکان هەگبەیان جیاوازە...)

نەهرۆش وتی: " راستە هەموو شتەکان جیاوازن، ستایڵەکان جیاوازن، بەڵام بەبڕوای من یەك شت کۆیاندەکاتەوە ئەویش عەشقە، بۆچی تاوەکو ئێستا ئەوە لای ئێمە بوونی نییە، کۆمەڵێك حاڵەت هەن بەبڕوای من کە دەبێت دیراسە بکرێت، ئاخۆ بۆچی هونەرمەند پێگەیەکی لەقی هەیە بەئاسانی دەبێتە پاشکۆی سیاسەت، خۆزگە پەیمانگاو ئەکادیمیاکان دەیانتوانی ئەو عەشقە دروست بکەن ".

من لەئەنجامی گوێگرتن و ئامادەبونم لەسیمینارەکە چەند پرسیارێکم لەلا دروستبوو، کە دەمەویست وەڵامەکانیان لەئەنجامی گفتوگۆکەدت بزانم، بەڵام بەو شێوەیە نەبوو کەمن دەمەویست، بۆیەم بیرمکردەوە کە ڕێگەیەکی تر هەبێت بۆ دەستکەوتنی وەڵامەکانم، بۆیە لەدوای گفتوگۆی نێوان نەوەکان کەسێکم دیاریکرد کە (هونەرمەندو مامۆستا) یە لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانی، ئەویش هونەرمەند بەختیار قەفتانە کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە خزمەت بەهونەری شێوەکاریی کوردی دەکات و نەوە لەدوای نەوەو چەندین هونەرمەندو مامۆستای گەنجی هونەریی پێگەیاندوەو رۆڵی سەرەکی هەبووە لەدامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و چەندین کارو چالاکی دیکە.

سەرەتا من هەموو ئەو پرسیارانە دەکەم کە عەوداڵی وەڵامەکانیانم کە لەئەنجامی ئەو کۆڕەو چەندین وانەی مامۆستا هونەرمەندەکانم لەماوەی خوێندنم لەپەیمانگاو زانکۆو خوێندنەوەکانم لەم بوارەدا لەلام گەڵاڵەبوون، دواتریش بەختیار قەفتان وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانەم دەداتەوە، ئەگەرچی لەگەڵ بەخشینی زانیاری تازە، وەڵامەکان و من بزانم لەزۆر شوێندا بەر شتی تر دەکەون کە چەند دوورن لەو وەڵامانەی کە من دەمەوێن ئەوەندەش پەیوەندییان هەیە کە ناتوانم خۆمیان لێ لابدەم..

*هونەری شێوەکاری خاوەنی نزیکەی یەك سەدەیە لەمێژووی کارو ئەفراندندا، بۆیە دەمانەوێت بزانین ئایا ئەم هونەرە لەرووی تیۆریزەو ئەفراندنەوە خۆی سەلماندووە؟

*تاکی رەخنەگر دەتوانێت کاری هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمی هونەری بکات بەپێی شارەزایی خۆی، ئەگەر ناتوانێت، ئایا میتۆدێك هەیە یان پرۆژەیەکی رەخنەیی هەیە لەسەری بڕوات؟

پەیوەندییەکی بەهێز هەبووە لەنێوان رۆژنامەو هونەری شێوەکاری، بەڵام نووسینی رەخنەگری لەبزاڤی هونەری شێوەکاری، لەم لایەنەوە هیچی بۆ کراوە؟

*ئایا ئێمە باگراوەندی هونەریمان هەیە؟

*زۆرجار لەکاتی گفتوگۆکان لەکۆڕو کۆبوونەوە هونەرییەکان دەوترێت ئێمە رەخنەگری هونەریمان نییە هەروەك چۆن لەم کۆڕەشدا هونەرمەند مەدحەت کاکەی دیسان ئەم رستەیەی دووبارە کردەوە، هەمیشە ئەو رستەیەمان بەرگوێ دەکەوێت، ئێوە پێتانوانییە پێویست ناکات چیتر ئەمە بڵێن و رەخنەگرەکانمان دیاری بکەین و متمانەمان پێیان بێت وەك رەخنەگر، یان ئەوانە کێن کە دان بەکەسێکدا دەنێن وەك رەخنەگرێکی هونەری، یان ئەو رۆژە کەی دێت ئەو کەسەی کە نووسیویەتی و لەنووسینی بەردەوامدایە، نووسین و بۆنەکانی دەبن بەجێگای متمانە؟

یان ئەوەی کە دەنووسێت پێویستە چی بکات تاوەکو نووسینە رەخنەییەکانی لەنێوەندی هونەری شێوەکاریدا جێگیر بن و ئەو بۆشاییە تارادەیەك پڕبکاتەوە کە هەیەو خۆمانی لێ لا دەدەین؟

ئایا ئێمە، وەك هونەری شێوەکاریی کوردی، مێژووی کاری مۆدێرنمان هەیە، ئەگەر هەیە لەکەیەوەیە، ئەگەر نییە ئەی ئەو هەموو بەورژم رۆیشتنە بەرەو مۆدیرنە کە لەهەوڵی تاکەکەسی و جەماعیش دروستدەبێت بۆ؟

ئایا زەرورەیە بۆ دوانەکەوتنمان لەم رێبازە یان شتێکی ترە، پرسیارێك لەلای زۆرێکمان دروستبووەو بەردەوامیش خۆی نوێدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە کەمن ئەوانەی کە لەبواری هونەری شێوەکاریدا دەنوسن و توانای نوسینیان هەیە، بەڵام هونەرمەندان وەهبی رەسوڵ و جەزا بەکر، چەند هونەرمەندو نوسەرێکی تریش کۆمەڵێك بابەتی وەرگێڕاو و کتێب و وتارو قسەی خۆیان هەیە لەمبوارەدا، ئایا ئەوانە توانیویانە بۆشاییەکان پڕبکەنەوە؟

ئەگەر سەیری تێڕوانینی هونەرمەند بەختیار قەفتان بکەین بۆ هونەرمەند وەهبی رەسوڵ و هەوڵەکانی، دەڵێت: ( هونەرمەند وەهبی رەسوڵ لەهەوڵی نوێخوازیدایەو





ئاگاداری بزوتنەوەی هونەری جیهانییە...) کەواتە دەبێت چۆن نوسین و بۆچونەکانی ئەوان سەیر بکەین؟

ئایا بزاڤی هونەری شێوەکاری تاوەکو ئێستا چۆتە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی رەخنەییەوە؟ ئایا دەشێت هەموو هونەرمەندێکی سەرکەوتوو ببێتە مامۆستایەکی سەرکەوتوو یان مامۆستای هونەریی دەتوانێت بیروڕا هونەرییە گشتیەکانی باشبن، یان دەتوانین تاکێك کە لەم نێوەندەدا کاردەکات هونەرمەندو مامۆستاو خاوەن بۆچوون و هەڵسەنگێنەرێکی باش بێت؟

هونەری شێوەکاریی کوردی لەچیدا جیابۆتەوە، یان بڵێن دواکەوتووە لەهونەری میللەت و نەتەوەکانی تری دنیا؟

*ئەو هەنگاوانەی کە هونەرمەندانی نەوەکانی رابردوو ناویانە بۆتە رێخۆشکەر بۆ ئەم نەوە نوێیانەی کە لەنێوەندی شێوەکاریدا هەن و دروستدەبن؟

زۆر جا ئەم نەوە نوێیە ئەوانە رەتدەکەنەوە، ئەمە بۆ؟ ئایا لەبەرئەوەیە ئەوان هیچیان نەکردووە، یان خۆیان باکگراوندی مەعریفی و هونەریان بەهێز نییەو ئاگاداری رابردوویان نین، نازانم هونەرو بزوتنەوەی هونەریی لەم وڵاتەدا چۆن دروستبووە؟

یان ئەگەر هونەرمەند ئاگاداری رابردووی نەبێت و نەزانێت لەگۆڕەپانی هونەریدا چی کراوە، چۆن دەتوانیت شتێکی تازەو ناوازە زیاد بکاتە سەر هونەر؟

بەختیار قەفتان بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە: وەك سەلماندن ( ئەگەر بوونی هونەرمەندانی شێوەکارو دامەزراندنی شێوەکارو دامەزراوی خوێندنی ئەم بوارەو کردنەوەی بەلێشاوی پێشانگەو چالاکی نوسین لەرۆژنامەکان لەمبوارەدا بێت) ئەوا بەڵێ، بەڵام (ئەگەر سەلماندنی بوونی کیانێکی جەماوەریی چێژوەرگرو بوونی مۆزەخانەو بەسامانکردنێکی نەتەوەیی ئەم هونەرەو مسۆگەرکردنی ژیانی هونەرمەندان بۆ هونەرەکەی، ئەوا دەڵێم نەخێر، ئێمە مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی فراوانمان نییە کە بەرهەمی هونەریی شێوەکاری هونەرمەندانی تیادا پارێزراوبێت و خەڵکێکی خاوەن چێژوەرگر سەردانی بکات.

شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی زانستیانەی بۆکرابێت و هونەری شێوەکاری نەوە جیا جیاکان بگەیەنێتە نەوەکانی پاش خۆیان.

هونەری شێوەکاری هێندە جەماوەری نییە هەموو سنورێکی بەزاندبێت و لەماڵەکان و دەزگا دەوڵەتی وگشتی و ناوەندەکاندا هونەر لەنا هونەر جیا بکاتەوەو تیایدا پارێزراو بێت، ئەوەی هەوڵی دابێت لەچوارچێوەیەکی تاکەکەسیدا بووەو

زۆرجاریش کێشەی تیابووە یان گووروتینی دامرکاوەتەوە، ئیتر کێشەکانی پێ چارەسەر نەکراوە. گەلەریەکی بەمانای گەلەری دەوڵەتی نیشاندانمان نییە بۆنمایشی پێشانگاکان، دامەزراوێکی هونەری جدی نییە کە کردنەوەی پێشانگە باشەکان لەئەستۆ بگرێت و بەوردی حیساب بۆ کاڵوکرچی و جدی و سەرکەوتوەیی بکات. بەداخەوە واستەو ناسیاویی و خزمخزمێنە دێتە گۆرێ بۆ ئەوەشی کە هەیە، زۆرجار هونەرمەندێکی باش کێشەی بۆ دروستدەکرێت و کەسانی تریش لەماوەیەکی کەمدا دووجار یان سێ جار پێشانگای بۆ دەکرێتەوە کە ئەو ئاستەشی نییە!

هونەری شێوەکاریی هەتا وەکو ئێستا نەیتوانیوە وەك گۆرانی و ئەدەب و میوزیك خۆی بسەلێنێت و بتوانێت پێگەیەکی جەماوەریی ئەو تۆی هەبێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی هێندە گەورە نییە، چونکە بۆ خۆی ئەم هونەرە لەلای نەتەوەو وڵاتانی تری دنیاش هەر بەو شێوەیەیە، چونکە هونەری شێوەکاری ئێمە لەئاستی وڵاتانی پێشکەوتوودایە وەك ئـەوان، بەڵکو تەنانەت ناتوانم بڵێم سەدەیەك یان نزیکەی سەدەیەکە ئەم هونەرە گڕوتینی سەندووە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە نیو سەدە دەبێت سەریهەڵداوە لەساڵانی حەفتاکان گڕوتینی دەستپێکردوەو ساڵانی هەشتاکان لەدامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیدا هێندە گوڕوتینی سەند کە ئەوەش بوونی نەوەیەکی نوێ و ژمارەیەکی زۆر لەو نەوە نوێیە هاتنە ئەم دامەزراوە هونەرییەوە بۆ خوێندن و نەوە لەدوای نەوە زیادیدەکرد، چونکە کەسانی تاك لەوەوبەر نەیانتوانیوە هێندە بزوتنەوەکە بخەنە جۆش هێندەی ئەو پەیمانگایە جۆشی بەم هونەرە داوە، چونکە لەسەرەتا نزیکەی (٨٠) کەس دیراسەی ئەم بوارەی دەستپێکرد کە بۆ خۆم یەکێك لەو مامۆستایانەم بێگوێدانە پەیڕەو پرۆگرام وانەکان و گەڵێك پرۆژەی گەورەمان ئەنجامداوە.... لەوانەش چاوکردنەوەی خوێندکارەکان لەسەر بواری تیۆری و ڕۆشنبیری هونەریی، تەنانەت خوێندکارەکان سەرچاوەکانیان پەیدا ئەکرد. ئەمە جگە لەو هەموو سەرچاوەو کوراسانەی خۆمان کە بۆمان دەهێنان و ڕۆژانە پرسیاری هونەریی زۆریان ئەکرد هەر لەسەرەتای هونەر تا دەگەیشتە باسی هونەری نوێ، بەسەدان ناوی هونەرمەندەکانمان ئەنوسی جارجاریش ئەو هونەرمەندانەمان بۆ وەردەگێڕانە سەر زمانی کوردی، من بۆخۆم ئەمانەم کردوەو مامۆستا (عەبدوڵ ڕەسوڵ) یش کەوەك فەرهەنگێك وابوو بۆ ئەو نەوە نوێیانەی هونەر، بێجگە لەوەی لەوانەکانی مێژوودا دەخوێنرا هێشتا لەقۆناغی یەکەم و دووەمدا بوو هەموو سەدەی بیستمان بەنمونەو تیۆرەکان و تابلۆکان نیشان دەدان تەنانەت باسمان دەربارەی پۆست مۆدێرنییش دەکرد





چەند دەستەیەك و دوای ئەوەش چەندین خوێندکار لەدەستەکانی داهاتوشدا هەڵکەوتن پڕ زانیاری و بەتوانا، ئەمەش وایکرد کە زۆر هونەرمەندی تر پەیدا بێت لەناوچەکانی کوردستان کە تا ئەو کاتەش هەندێك لەوناوچانە باس لەهونەریش نەدەکرا، ئێستاش لەدوای ڕاپەڕین زۆربەی زۆری ئەو خوێندکارانە لەزۆر شوێنی گرنگ ڕۆڵی خۆیان دەبینن و کەسانی بەتواناو ڕۆشنبیرو هونەرمەندن.....

هونەری گرافیك بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٨٢ لەقۆناغی دووەم دا لەهەورەبانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بۆ یەکەمجار ٨٠ خوێندکار زانیارییەکانی دەربارەی گرافیك کەمن ئەو دەرسەم وەرگرتبوو کاریان کرد تا ئەو کاتەش چەند کەسێك لەم بوارە پسپۆڕبوون لەکوردستان هەر ئەو ساڵە چەند خوێندکارێك لەبەر نەبوونی بەشی گرافیك وەك بەش روویان لەبەغدا کردو ژمارەیەکی زۆر شارەزاییان لەم بوارەدا وەرگرت، تا هاتنی مامۆستا هاوڕێ ئەنوەر، پاشان خۆشی رزگارو عەبدول حسێن کە خۆی خوێندکاری خۆمان بوو چووبوە بەغدا لەو ساڵەدا ( مۆنوتایب، بۆرەك، تەختەی لاستیك) بەمانە کارەکانمان ئەکرد کە وەچەرخانێکی نەوعی بوو. هەروەك مامۆستا هاوڕێ دەڵێت "( هونەری گرافیك بەهەوڵی تاك پێش ناکەوێ هێندەی دەستە جەمعی و کاری هەرەوەزی دەبێ بۆ بکەین).

هەروەها سیرامیك و پەیکەرسازیی بەهەمان شێوە کەوتە سەرشانی مامۆستایان هیوا عەبدوڵلا، حیکمەت هیندی و پاشان دارا حەمە سەعیدو کۆسرت جەمال پاشانیش بەیان مانی....هیتد

لایەنێکی تر هاتنی خوێندکارانی تری شارەکانی تری کوردستانە وەك دهۆك و هەولێر، خانەقین و هەموو ناوچەکانی تر هەلێك بوو بۆ کۆبوونەوەی زۆر لەو نەوە نوێیانەی کە دەهاتنە سلێمانی و تێکەڵ دەبوون لەگەڵ هونەرو کاری هونەریی... هەروەها خوێندنی وانەی (دیراسەی ئازاد) لەساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ کە ئەو وانەیەم وەرگرت و خوێندکارانمان ئاشنا دەکرد بۆ کارکردن لەبواری هونەری نوێ و قوڵ بونەوە لەستایل و شێوازی هونەری نوێ لەدونیادا چەندین فیلم و سلاید و کوراساتی هونەرمەندانی نوێمان دەهێنا بۆ دیراسەکردنی، کە زۆر لەو خوێندکارانە هەن کە ئێستا خاوەنی شێوازێکن لەو کاتانەوە بەردی بناغەکەی بۆ دانابوو و تائێستاش بەو شێوازە خۆی پێش خستوەو هەندێکش لەوڵاتانی دەرەوە دەژین ئەم هەوڵانە باگراوندێکی وەهای دروستکرد کە ئیتر هونەری شێوەکاری لەقۆناغێکی بەرتەسکەو بچێت قۆناغیکی بەرفراوانی ئەوتۆ کە زۆر زۆر جیاواز لەقۆناغی پێشەوەی لەوێ و نەوەی نوێ دەهاتە

پێشەوەو هەموو دەستەیەك لەو خوێندكارانەی دەهاتنە پەیمانگە چەندین كەسانی لێهاتوی لێ هەڵدەكەوت لە هەردوو ڕەگەز.

بۆ خۆشمساڵی ١٩٨٦ پێشانگایەكی زۆر نوێم كردەوە كەبەرهەمی زۆر مۆدرێنی لەخۆگرتبوو، بەڵام بەداخەوە باری ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی هیچ كات لەبار نەبوو داهێنانەكان جێگای خۆی بكاتەوە بەئێستاشەوە..

تەنیا تێبینیەكم هەیە حەز دەكەم بیخەمەڕوو كە هەندێك كەس كە بیەوێت قسە لەسەر بوارێك یان كەسانێك بكات پێویستە ئاگاداری هەموو گۆڕانكارییەكان بێت ئەو كاتە ئەو كات بانگەوازی بدات نەك هەروا بێ سەر و بەرە هێرشی نازانستیانە بكاتە سەر مامۆستایانی هونەرو نەوەكانی پێشوو.

جگەلەوەش ئەو هەوڵانە كاریگەری تەواوی نەدەكرد وەك چەسپاندنی بەشێوەیەكی تەواو لەبەرئەوەی باری سیاسی ئەو كاتە وەهابوو كە زیاتر لایەنی نەتەوایەتی و ڕێكخراوە نهێنییە سیاسیەكانی كوردستان تەواو زاڵ بوو و هەڵهاتن لەسەربازیی..هتد وەهای دەكرد تواناكان هەمیشە لەهەڵهاتن و دووركەوتنەوەو پچڕان بوون، هەربۆیە زۆر سامانی گەورە ون و زۆرجاریش حیسابی بۆ ناكرێت و زۆر هۆی پێشو تریش دەگرێتەوە.

* وەك نووسەر هەتا ئێستاش ئێمە هەر تاكی نووسەرمان هەیە لەسەر هونەری شێوەكاری لەسەرەتاكانی ساڵانی ١٩٩١ تائێستا زیاتر لە١٥٠ نووسیوە كە بەهەوڵی تاك دەژمێردرێت و ئێمە نەمانتوانیوە راستەوخۆ رەخنە لەبەرهەمێك بگرین تەنانەت كاڵ و كرچیەكانمان نەخستۆتەڕوو، تەنها شیكردنەوە یان باس كردنە، جگە لەمە زیاتر شتی تر نەكراوە، چونكە بەڕاستی هێشتا ئەو جۆرە رەخەیە لای ئێمە خۆی نەچەسپاندوە، هەروەها توانای تریش هەیە كەئێستا دەنووسن، بەڵام پڕۆژەیەك میۆدێك بۆ چەسپاندنی دونیای رەخنەی شێوەكاری نییە، ئەوەش لێكۆڵینەوەو دیراسەیەكی تایبەت و بەدواداچونێكی تایبەتی دەوێت كەئێستا كاتی خۆیەتی و بەڕای من لەخوێندنی باڵاوە دەست پێبكات، پاشان ئەوان هەر لەبواری نووسین دیراساتی تیۆری و رەخنەی وەك ( بەشێك)ی سەربەخۆ لەكۆلێژی هونەرو پەیمانگەی هونەرەجوانەكاندا بكەنەوە.. ئەوكات جارێكی تر بەسەر هەموو لایەنەكانی ئەم هونەرەدا بێنەوە وەك ( مێژوو، تەفسیری جوان، تەكنێك، خوێندنەوەكان، رەخنە لەلایەنە كاڵ و كرچەكان و چالاكییەكان )

چونكە بەڕاستی هەندێكجار (غەدر)، (شێواندان) (پڕوپاگەندە) بەناڕەوا كراوەو زۆر مەسەلەش مافی تەواوی نەدراوەتێ.





هەیشە رۆژنامەكان لەكردنەوەی پێشانگایەكدا هەواڵیان بڵاوكردۆتەوە پاش پێشانگاكەش هەواڵێكی تریان نووسیوە، بەڵام لەوە بەدوا درێـژە بەو نوسینانە نەدراون.. جا ئەگەر نووسین هەبوایە لەلایەن كەسێكەوە ئەو بڵاوكراوەتەوە ئیتر دووبارە نەكراوەتەوە یان هەر بڵاو نەكراوەتەوە، هەندێكیش هەر هیچی نەنووسیوە..

ڕەخنەگرتنێكی زانستی یان دروستكەر یان دەرخستنی لایەنی لاوازی هەمیشە بڤەن كەس خۆی بۆ ئەم شەڕە ئامادە ناكات لەڕاستیدا تا ئێستا پڕۆژەی (رەخنەگرتن) بریتی بووە لە(مەقالەیەك) كەمتر بەدوای لاوازیەكانەوەیە. كەس نەهاتوە وەك سەرەتای سەدەی بیست لەئەوروپا لەدەركەوتنی هونەری مۆدێرندا هێرشی رەخنەكانیان بكەنەسەر ئەو كارە هونەرییانە كە كاتی خۆی كراونەتە سەر ( كۆبیزم )و ( فۆبیزم )و ( ئەبستراكت ) بۆ نمونە..یان دادای و سوریالیەكان..... لێرە تیروتوانجی شاراوەو زەم و زەمكاریی لەپشتی كەوا لیسەكانەوە هەبووە لەڕووبەڕووش دا جۆرێكی تر لەموجامەلە كراوە.

هەر بۆیەش پێویستە زانستیانەتر لەم كێشانە بكۆڵێتەوەو بەووردتر قسەی لەسەر بكرێت و دەوڵەت و دەزگا بەرپرسەكانی حوكومەت لەبواری رۆشنبیری هاندان و پشتگیری ئەو بەشانە بكەن كە دیراساتی تیوری پێش دەخات دەربارەی هونەر نەك هەر لەكۆلێژو پەیمانگەی هونەرەجوانەكان، بەڵكو لەهەموو قۆناغەكانی خوێندن و بۆ هەموو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا...

سەرچاوەكان:-

*مێژوی هونەری شێوەكاری لەكوردستاندا لەكۆنەوە تا پەنجاكان- د. فەرهاد پیربال (١،٢،٤،٥)

* دنیا بینینەكانی هونەری شێوەكاری كوردی- بەختیار سەعید (٣)

*فەلسەفەو تەكنیكی بزافە هونەریەكان- ئامادەكردنی: جەزا بەكر



# ١٠ پێش بڕیار دەربارەی ئیسلام و هونەرو چۆنێتی هەڵسەنگاندنی

نووسینی:تیل بریگلێب
و لەئەڵمانییەوە: نەهرۆ شەوقی

**ئەم بابەتە چەند راستیەك سەبارەت بە هونەر لە ولاّتە ئیسلامیەکاندا دەردەخات ئەویش لە رێگەی وەلاّم دانەوەی دە پیش بریار کە لە مێشکی کەسی ئەوروپیدایە هەیە سەبارەت بە هونەر لە ولاّتە ئیسلامیەکاندا.(وەرگێڕ)**

ئەگەرچی هونەر لەولاّتە موسوڵمانەکاندا بەردەوام لەپێشکەوتندایە، بەلاّم راستییەکەی درککردن بەهونەر بەستراوە بەڕووکەشەکەیەوە.





١- لەولاّتە ئیسلامییەکاندا هونەر هەرگیز بوونی نییە

راست نییە: ئەوکاتانە بەسەرچوو کەهونەرمەندانی ولاّتە ئیسلامییەکان لەڤێستیڤاڵە هونەریەکاندا بەکەمی بەدەربکەون و ئەم دیاردەیەش بەرەو کۆتایی دەچێت. لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە بەرەودوا لەولاّتە جیاوازەکانی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا هونەرێکی زیندوو لەپەرەسەندایە کەزۆر بەکپی جێی خۆی لەلیستی هونەرمەندانی ناو بیەناڵەکان و گالەری ولاّتە رۆژئاواییەکان دەکەنەوە. ئەستامبوڵ لەسەرخاڵی لێکترازانی رۆژئاواو رۆژهەلاّتدا رۆڵێکی تایبەت دەگێڕێت کەئەمەش نەبەتەنها لەبەر بیەناڵەی ئەستانبوڵە کە لە١٩٨٧ بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری لەسەر هونەری تورکی دروستکرد، هەروەها هەندێك لەپایتەختەکانی رۆژهەلاّتی ناوین، نموونەی قاهیرەو تاران یان بەیروت کە ئیلهامبەخشن بۆ خوێنەوارو هونەرمەندەکانیان بۆ کارکردن لەبواری هونەریی، تەنانەت لەولاّتێکی دۆگمایی و دیکتاتۆری وەك سعودی عەرەبی، هونەرمەندی هاوچەرخی تێدایە، بەلاّم لەڕاستیدا ئەمان لەسنووری مەرجدانانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و دینیدا دەبن، ئەمەش دەبینرێ لەتەواوی ولاّتە ئیسلامیەکاندا هەر لەمەغریبەوە بیگرە تا مەشرق، کە چۆن سنوورێکی تەسکیان بۆ دانراوە بەجیاواز لەو هونەرەی کەلەڕۆژئاوا دەبینرێت. لێرەدا هونەرێکی ئازاد وەك یاری رۆڵێت وەهایە کە خاوەنی رێسایەکی ئاڵۆزە.

٢-هونەرێکی ئیسلامی بوونی هەیە، بەلاّم فۆلکلۆریەو لەسەر ئاستی قەبووڵکردنی دەسەلاّتە!

راستە: هەروەك چۆن لەولاّتە رۆژئاواییەکاندا هەروەها لەفەزای کولتوری ولاّتە ئیسلامیەکانیشدا، خاوەنی هونەرمەندی سەر بەخۆیان هەن کە ئەوان لەسنووری ئەزموونێکی کۆنخوازو ئەرگیومێنتێکی تیجاریدا دەجووڵێن. بەرزبوونەوەی ئاستی هونەری هاوچەرخی فارسی و عەرەبی کە کریستەکان بۆ شێخە دەوڵەمەندەکانی دوبەی رێکیدەخەن بەشێوەیەکی سەرپێیی پێشکەشیانی دەکردن، ١٠ساڵ پێش ئێستا بالاّدەستتر بوو. یان کۆپیکردنی قۆناغە هونەرییەکان نموونەی ئیمپریسیۆنیزمەکان یان هونەرێکی دەستڕەنگینی دیکۆر ئاسا لەشێوازی ئەبستراکتی ئیسلامییەوە پیادەدەکرێ. ئەو هونەرمەندانەی کە تا لەتوانایاندایە کار بۆ نیشاندانی هونەری ئێستای عەرەبی دەکەن، لەلایەن حکومەتەکانیانەوە دەپارێزرێن و پشتگیری دەکرێن. لەزۆربەی حکومەتە عەرەبیەکاندا پشتگیری هونەرمەندەکان و سیاسەتی پێشانگا کردنەوەو دروستکردنی خوێندگاو ئەکادیمیە هونەرییەکان هەموو دەبێت لەخزمەتی ستراتیژی سیاسیانەی خۆیان بێت، بۆیە لەم روانگەیەوە جیاکردنەوەیەکی گەورە

بەدیدەکرێت لەنێوان هونەرێکی فەرمی و هونەری هاوچەرخدا. هونەرێکی ئازاد وەك کەلتورێکی تاکلایەنانە لەرێی هەوڵە شەخسیەکاندا پەرە دەستێنێت، ئەمانیش زۆرجار پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ بازاری هونەری نێونەتەوەییدا دروستدەکەن بەجیاواز لەوەی لەگەڵ موئەسەساتی میللیدا روودەدات، هونەری دەوڵەتی لەنموونەی هونەری خەتخۆشی تیجاری یان هونەرێکی نیگارکێشانی بەناو عەرەبی، وەك دیاردەیەکی نەتەوەیی سستی پەنگخواردوو دەمێنێتەوە.

٣-لە ولاّتێکی ئیسلامیدا ژنان هیچ شانسێك نابینن بۆ بوونە هونەرمەند!

راست نییە. لەو جێیەی کە هونەری هاوچەرخ دەتوانێت پەرە بەخۆی بدات، لەوێدا ژنان لانی کەم بەچڕی وەك پیاوەکان بەشدارن لەو پەرەسەندنەدا.جا ئیتر بەلەچکەوە لەتاران یان بێت لەچك لەقاهیرە. یوتۆ بەرەدا لەمەغریبەوە، ئەمەل کیناوی لەمیسر، ئەمیلی یاسیر لەفەلەستین یان رەندا میرزای لوبنانی ، ئەمانە نموونەی بەناوبانگن لەهونەرمەندە ژنە سەرکوتووە نێونەتەوەییەکان.

ژنە هونەرمەندی میسری حەلا ئێلقوسی کە لەهونەری ڤیدیۆدا کاردەکات، وەلاّمی ئەو پرسیارە وا دەداتەوە کەئایا ئەو، سەرکووتکردنی ئافرەتان لەجیهانی ئیسلامدا دەکاتە بابەتێك بۆ هونەرەکەی؟ (هونەرمەندان وەك کارمەندێکی سۆشیال نین، ئەمە لەجیهانی ئیسلامیدا هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ رۆژئاوادا نییە، من وەك هەر هونەرمەندێکی دیکە کارە هونەریەکەی خۆم ئەنجامدەدەم، کە پابەندە بەئەزموونی کارکردنمەوە، هەروەها لەبەرئەوەی من وەك ژنێك هەرگیز هەستم نەکردووە دەچەوسێنرێمەوە، بۆیە لێرەدا شتێ نییە شایەنی مشتومڕ بێت)، بەلاّم لەولاّتێکی وەك ئەفغانستاندا ئەم راستیە تەواو شێوەیەکی دیکە وەردەگرێت، لیدا عەبدول کە پرۆژەی کاری ڤیدیۆ لەوێرانەیەکی شاری کابولدا ئەنجامدەدا، ئەو ئەزموونی خۆی بەمشێوەیە وەسفدەکات (من هونەرمەندێکم رۆژانە رووبەرووی کێشەیەکی زۆری لەژمارە نەهاتوو دەبمەوە، هەرەشەی مردنم لێدەکرێ کاتێ کەکارێکی ڤیدیۆ ئەنجامدەدەم، کێشەی گەورەم لەگەڵ بیرۆکراتیدا هەیە، بۆئەوەی لەکورتی بیبرمەوە دەڵێم ژنان لەئەفغانستاندا وەك مرۆڤێکی کامڵ قەبوڵ ناکرێن)

٤-یاساغکردنی وێنەی مرۆڤ لای ئیسلام وادەکات تەنها رێگە بەهونەری ئەپستراکت بدرێ.

ڕاست نییە: لەسەدەکانی پێشوودا هونەرێك هەبووە بەناوی هونەری ئیسلامی کە بەئاشکرایی لەرێی زمانی فۆرمەوە خۆی لەهونەری رۆژئاوا جیادەکردەوە، ئەم راستیە پابەند بووە بەیاساغ بوونی وێنەی مرۆڤ لای موسوڵمانەکان، بەلاّم ئەمە راست





نەبووە، چونکە تەنها ئەو یاساغ بوونە لەمزگەوتەکاندا پیادەکراوە، بەلاّم فیگۆری ئیسلامی گەرچی بەشێوەیەکی واقیعی نەدەکێشرا، بەلاّم هەردەم پێگەی لەناو هونەری جیهانیدا دیار بووە، ئەگەرچی تەقەلایەك نەبووە ئەم هونەرە بەرەو شێوازی واقیعیەت ببا وەك ئەوەی لای مەسیحیەت پێی گەیشتن. لەهونەری فارسی و عەرەبی هاوچەرخدا جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ هونەری رۆژئاوادا نییە، تەنانەت وێنەی مرۆڤ زۆر بەئاشکراتر دەبینرێ وەك ئەوەی لەهونەری رۆژئاوادا دەیبینین کە لەجموجۆڵی هونەری لاوان لەرۆژئاوا و رووبەروبونەوەیان لەگەڵ دۆخی سیاسی و کۆمەلاّیەتی سیستێمی ولاّتەکانیان و حەزکردن بەکارکردن بەشێوازەکانی وەك مینیمالیزم و گرنگینەدان بەکێشانی جوانییەکی پێرفێکت، بەدیدەکرێن، بەلاّم لای هەندێ لەو هونەرمەندانەی کە رەگیان لەفەزای هونەری ئیسلامیدا داکوتیوە جیاواز کاردەکەن وەك رۆژئاواییەکان.

سەعدان عەفیف، رۆنا ئیسلام یان ئەو هونەرمەندە ئێرانییەی لەبەرلین کاردەکات بەناوی نائیری بەگرامیان، ئەمانە نموونەی هونەرمەندی زۆر سەرکەووتون لەجیهاندا، کەسەرقاڵن یان بەوێنەکێشانەوە یان بەمێژوو و فەلسەفەی هونەرەوە یان بەکەلتووری پۆپ لەو ژینگە نوێیەی تێیدا دەژین یان بەشێوەیەکی گاڵتەو رەخنەئامێزانە مامەڵە لەگەڵ ئەو جێیەوە دەکەن کە لێوەی هاتوون.

٥- ئەوەی لەولاّتی ئیسلامییدا بیەوێت هونەر لەسەر ئاستێکی نێو نەتەوەیدا ئەنجامبدا دەبێ بەرەو رۆژئاوا بڕوات!

راستە، پێگەی نوێی هونەری عەرەبی سەرەتا لەلەندەن و دوایی لەپاریس و نیۆیۆرکدا بەهێزبوو. شیرین نەشئەت و مونا حەتوم و وەلید رەعدو قادر عەتییەو مونیر فاتیمی یان ی.ز.کامی، ئەو هونەرمەندانەن کە ئەمرۆ لەدونیای هونەردا وەك ئەستێرە دەناسرێن، ئەم سەرکەوتنەشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی رۆشنبیرانەی خۆیان و ئەو توندوتیژی و شەڕو ململانێیەی لەولاّتەکانیان هەیەو حەزنەکردنی ولاّتەکەیان بەوشێوازە هونەرییە رۆژئاواییانەی کە ئەمان پیادەیان دەکرد، بۆیە ئەمە دواجار بووە هۆکاری سەرەکی لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا بۆ جێهێشتنی ولاّتەکانیان بەرەو پایتەختە گەورەکانی هونەر لەڕۆژئاوادا، هەر لەبەرئەوەشە تا ئیمڕۆکەش دەبینین هونەر لەم ولاّتانەدا بێ وابەستەبوون بەهونەری جیهانییەوە هەر لەو قۆناغی کۆرپەبوونییەیدا دەمێنێتەوە. سەرباری بوونی ئینتەرنێت و سەتەلایت ، کێبڕکێی هونەری جیهانی لەو ولاّتە عەرەبیانەدا پەرەدەستێنێت بەتایبەتی ئەوانەی هونەرمەندەکانیان رێگای سەفەر کردنیان پێدەدرێ و ئەو پەیوەندییە نێونەتەوەییە درووست دەکەن و پەروەردەی دەکەن.

٦- تەقینەوەکەی ١١ی سێپتەمبەری٢٠٠١ دۆخی هونەرمەندانی جیهانی

ئیسلامی خراپترکرد!

راست نییە: "١١ی سێپتەمبەر کاریگەری لەسەر هونەر هەبوو، لەپرێکادا کوراتۆر (رێکخەری پێشانگاو بۆنە هونەرییە گەورەکان)ێکی زۆری نێونەتەوەیی حەزیان بەکارکردن کرد لەجیهانی ئیسلامیدا"بەم شێوەیە هونەرمەندی میسری خالید حافیز وەسفی چۆنێتی پەسندکردنی تێرۆر دەکات. کە چۆن زۆر بەخێرایی بودجە بۆ کوراتۆرەکان دابینکرا بۆ کارکردنی هونەری لەنێوان کابول و تەنجە لەپێناوی بەدوادا گەرانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کەمێشکی رۆژئاواییەکانی وروژاندبوو، تا بزانرێت لەدونیای کەلتوری ئیسلامیدا چ باسە، لەگەڵ ئەم بەدوادا گەرانەدا مێژوویەکی نوێی بۆ سەفەری توێژینەوەی دونیای رۆژهەڵاتی بکرێ تا پێگەی هونەری لۆکاڵ لەو گۆشەو نادیارەوە بۆ درککردنی هونەری بخرێتەروو. لەسەروو هەموویانەوە لەقاهیرەو بەیروت هەروەك ئیسرائیل و فەلەستین، کوراتۆرو رێخەرەکانی هونەری ریزدەگرن بۆ ئەنجامدانی هونەرێکی هاوچەرخ. جۆرەها پێشانگای گەورە لەدوای ٢٠٠٢ وە پێشکەشکراوە بەدەستکەوتێکی گـەورەوە: بەلێهاتوویەکی رەخنەئامێزەوە، بێئاگایی دونیای رۆژئاوا هەستێکی هێمنکەرانەی بۆ دەگوازرێتەوە، کە دونیای ئیسلام بەتەواوەتی نەکەوتونەتە ژێر دەستی تێرۆریستە ریشدارەکان و شێخە دەستەڵاتدارەکان و سیاسییە گەندەڵکانەوە.

وا خەریکە پەیوەندیەکی تەندرووستی هەمەلایەنە دروستبووە لەنێوان بازاڕی هونەری جیهانی لەگەڵ یەکێ لەدوا زرِبەچەکانی کە جیهانی ئیسلامییە!

٧- لە جیهانی عەرەبیدا مۆزەخانەیەکی هونەری نییە کە هونەرێکی ئازادی رەخنەگر نیشان بدات.

راستە: هونەرمەندی میسری شەریف ئەل عەزما ئەو دۆخە وا وەسف دەکات: (لە رۆژهەڵاتی ناویندا دوو سیستێم باڵادەستن: سیستێمێکی فەرمی کەسەر بەوەزارەتی رۆشنبیرییە، لەوێ گەرچی پشتگیریکردن هەیە، بەڵام لەگەڵیدا ناتوانرێ کاربکرێت، لەبەر ئەوەی گەندەڵی لەم جێیەدا بڕیاردەرە. هەروەها سیستمی دووەم هەیە کە دوای ٩/١١ گرنگترو گەورەتر بووە، کە بریتیە لەهەوڵگەلێك کە لەژێر ناوی (پەرەسەندنی کەلتوری)دا کاردەکات.) بۆ ئەمەش پێویست بەبوونی پلاتفۆرمێکی وەك بیەناڵەی شاریقە لەئیماراتی عەرەبی یەککگرتودا کە لەساڵی ١٩٩٣ وە دامـەزراوە، هەروەها گالەری ماڵی شار لەقاهیرە کە لەساڵی ١٩٩٨کراوەیە یان دار ئەل فنون کە لەساڵی ١٩٩٣ لەئوردون لەشاری عەمان کراوەتەوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دەستخۆشی لەو بەئاگابوونە نێو نەتەوەییەی کەبۆتە پاڵنەرێکی گرنگ. بەڵام لەسەروو هەموویانەوە





دواجار دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهۆڵی هونەری، گالێری و هەوڵدان بۆ ئەوەی هونەرمەندان خۆیان پێشانگا بکەنەوە و پەلوپۆ بهاوێژن. ئەم کۆمەك بەخۆکردنە لەمدواییەدا تـەواوی وڵاتانی ئاسیای بچووك و باکووری ئەفریقی گرتۆتەوە. هەروەها لەهەموو لایەکەوە خەڵکەکە گەشبینتر دەبن کە لەو کەلتورە تاك رەهەندەوە جموجۆڵێکی هونەری نوێ گەشەدەستێنێ.

٨.سانسۆری سیاسی و دینی، پیادەکردنی هونەرێکی ئازاد لەجیهانی عەرەبیدا مەحاڵە.

راست نییە: سانسۆری دەوڵەت ئەگەرچی لەزۆربەی وڵاتەکاندا پاساوی یاسایی بۆ دەهێنرێتەوە، بەڵام زۆربەیان زۆر بەجیا هەڵسوکەوت دەکەن، لەکاتێکدا لەشارەکانی وەك ئەستامبول و بەیروت و قاهیرە لەو شوێنانەدا کەلتورێکی گلۆبال لەگەڵ ژیانێکی سەر بەدونیای ئیسلام پێکەوە تێکەڵدەکرێن و دەگونجێنرێن، لەکاتێکدا دەبینین ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لەوڵاتی عەرەبی سعودی یان ئێران هێشتا رێگرن لەبەردەم پێشکەوتنی هونەردا، سەرباری ئەمانەش بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگاکان بەبێمانابییەوە دەروانننە هونەری هاوچەرخ، تا خۆیان لەپێشێلکەریەکەی بپارێزن. جێی داخە کاریگەری ئینتیهازیەت لەو وڵاتانەی سیستسمی پۆلیسیان تیادا باڵادەستە وەك سانسۆر دەناسرێن. بۆ ئەمە هونەرمەندی مەغریبی مونیر فاتمی دەڵێ:(چاوترسێنەتر لەکۆنترۆلکردنی رەسمی، ئەوەیە کە ئەم سیستمانە خەڵکەکە وافێر دەکەن کە خۆیان هەڵسن بەسانسۆرکردنی خۆیان. بۆ ئەوەی کارەکەم ئەنجامبدەم، لەبەر ئەوە پێویستم بەوە بوو کە چەند دابرینێك دروستکەم لەگەڵ باوکمدا، لەگەڵ ترادیشنمدا، لەگەڵ وڵاتەکەم. لەمەغریب مەحاڵ بوو پەرەم بەبۆچوونەکانم بسەندایە".بیجە ئوێرەر، بەرێوەبەری بیەناڵەی ئەستامبول، بەدڵەراوکێوە ئەوشاگەشکە بوونە دەربارەی پێگەی هونەری نوێی عەرەبی دەبینێ:"دەبێ هەوڵی سەرەرۆییەکی زیاتر بدرێ بۆ تێکشکاندنی رێساکان. ئەوەی کە سانسۆری خۆی دەکا، بەدۆڕاو دەژمێررێت.)

٩-ئەوەی رووتی و سێکشوالیتی دەکاتە بابەتی هونەرەکەی، چارەنووسی زیندان کردنە.

راست نییە: نمایشێکی سێکسی ئاشکرا گەر بەنیگارکێشراوی یان بەگرافیك بکرێت تەنانەت لەدەوڵەتێکی ئیسلامی وەك ئێران لەگەلەریەکانیا بەدیدەکرێت. ئەگەرچی ئەو سێ تابۆیە(یاساغ)ی لەرۆژهەڵاتدا باڵادەستە وەك سێکس و دین و سیاسەت، هەر بەکارپێکراوی دەمێننەوە. بەڵام لەزۆربەی کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، وەك چۆن خالید حافیز دەربارەی پەیوەندییەکان لەشارێکی وەك قاهیرەدا دەڵێ:"کۆمەڵگای میسری

ڕێ بەئێمە دەدات ئەوەی دەمانەوێ بیڵێین گەر لەئاستێکی نزمی بێ بەهادا نەبێ، بەڵام کاتێ بڵاودەکرێتەوە پێدەچێ کێشە دروست بکات". بەم شێوەیە هونەرمەند قادر عەتییە توانی پۆرترێتی کچەکوڕانییەکان (ترانس سێکشواڵ)ی جەزائیر بکێشێ. ئەم پرۆژەیە لەهیچ مۆزەخانەیەك لەجەزائیر بۆ نمایش ڕێی پێنەدرا.دواجار خۆی گالێریەکی لەماڵێکا دروستکرد تابتوانێ بەبێ ترس و زۆرکردن، لایەنە شێواوەکانی کۆمەڵگا تێماتیزە بکات. جیاوازی لەنێوان تەسەورێکی ترادیشناڵی ئەخلاقی لەگەڵ ئەو ئازادیەی لەڕۆژئاوا هەیە وەك چۆن لەڕێی ئینتەرنێت و سەتەلایتەوە لەهەر ماڵێکدا هەیە بابەتێکی گەورە بۆ ململانێ هونەرییەکان دروستدەکات. بابەتەکانی وەك هۆمۆ سێکشواڵی تەنانەت لەوڵاتێکی کراوەی وەك تورکیادا جێی ئیستیفزاز و تورە بوونە. بۆیە لەوشوێنانەدا کە چاودێرانی ئەخلاقی دەسەڵاتیان پێدەدرێ، دەتوانن لەڕێی فێڵێکی زیرەکانەوە بەکۆدێکی کراوەوە گوزارشت لەو بابەتانە بکرێت.

١٠- فەندەمێنتالیزمی دینی هەڕەشەیەکە لەهونەر.

ڕاستە: ڕاستیەکەی بەشێوەیەکی کەمتر، چونکە دەبینین زۆر جار ڕیشدارەکان هەڵپە دەکەن بۆ چوونە ناوپێشانگاکانەوە، زۆرلەو هونەرمەندانەی کە لەو کۆمەڵگایانە کاردەکەن کەسەر بەدینی ئیسلامن وا باسی فەندامێنتالیزم دەکەن، بەهۆیەوە کەش و هەوای کۆمەڵگا بۆ دۆخێکی پڕ ترس و نا ئازاد دەگۆڕێت، دیارە ئەمەش خزمەت بەهونەر ناکات. ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆ بەرامبەر دۆگماتیەتی دەسەڵاتی دینی بەدەگمەن دەبێتە بابەتی هونەری بۆ هونەرمەندانی جیهانی ئیسلامی. ئەمە نە لەبەر ترسنۆکیە، کە زۆر جار جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەمان ئیسلامی ڕادیکاڵ وەك پرۆسەیەکی سیاسی ئاڵۆز تێی دەڕوانن، بەرامبەر ئەمەش ناتوانرێ بەچەند هێڵکاریەکی پۆستەر ئاسا ڕووبەڕووی بوەستیتەوە. شیعارو گوتاری سیاسی ڕاستەوخۆش لەگەڵ هونەری هاوچەرخدا یەکناگرنەوە، ئەوشتانەی لەکۆمەڵی گۆشەنیگاوە گوزارشتی لێدەکرێ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی نوێ کارپێدەکەن.





# (لەشکری سەدام) و دۆزی کورد لە عیراق




ئا: دڵشا یوسف

لەم ماوەی دواییدا فیلمی بە ناوبانگی(لەشکری سەدام) لە سینەماکانی تورکیا نمایشکرا.

فیلمی لەشکری سەدام لە دەرهێنان و سیناریوی هونەرمەند (گانی رزگار شافاتا)یە و هەر یەك لەهونەرمەندان (یالچین دوومەر)، (توغبا ئوزای)،(عەلی توتال)و (گانی رزگار) رۆلی سەرەکیان تییێدا بینیوە.

فیلمەکە لە بەرهەمهێنانی ئەرەفە شافاتایەو سافەت ئولوچای مۆزیکی بۆ داناوە، و ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێرو (٤٠) خولەکەو جۆری فیلمەکە دراماتیکە.

چەندین ئەکتەر بە زمانی جیا جیا بەشدارییان لە ئەم فیلمەدا کردووە، وەك ئەکتەرە عیراقی، ئیرانی و تورکی.

تێزی سەرەکی فیلمی (لەشکری سەدام) باس لە زوڵم و ستەمی رژێمی سەدام لە دژی گەلی بێتاوانی کورددەکات. و لەڕێی چەند دیمەن و سیناریۆییەکی سەرەنجراکێشەوە باس لە یەکنزنزیکبوونەوەی عیشق و ژان دەکات.

دەرهێنەری فیلمی (لەشکری سەدام)گانی شافاتا لەقسەییەکی خویدا دەڵێت: ئەم فیلمە لەلای من زۆر واتای گرنگی هەیە، چونکە دەرئەنجامی رووداو و گۆرانکارییەکانی (٢٤) ساڵی پێشوو دەخاتەڕوو و ئەم فیلمە ماندوبوونێکی زۆری ویست.

لە لاییەکی دیکەوە، ئەرەفە شافاتای بەرهەمهێنەری فیلمەکە دەڵێت:

ڕاستییەکان زۆر تاڵن. ئەم فیلمە باس لە هەندێك ڕاستی لە عیراق، ئەفغانستان، تورکیاو فەلەستینیش دەکات. لە هەر گۆشەییەکی ئەم جیهاندا، کۆمەڵێك رووداو هەن لە یەك دەچن. تاوانی کۆمەڵکوژی لە دژی خەڵکانی بێتاوان ئەنجامدەدرێت.

ئەرەفە شافاتا درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت:

فیلمی لەشکری سەدام، لەچەندین فێستیڤاڵی جیهانیدا بەشداری پێدەکرێت، چاوەڕوانیش دەکرێت چەندین خەلات بە دەستبهێنێت.

(توغبا ئوزای) کە ڕۆلی سەرەکی لە فیلمەکە دا دەبینێت باس لە خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر ئەو فیلمەدا کردو وتی: فیلمی (لەشکری سەدام) باس لە ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کورد دەکات، کە بە دەستی ڕژێمی سەدام رووبەرووی جەنگی جینوساید بووتەوە.

ئەم فیلمە، لە ناوچەییەکی شاخاوای شاری ئادییەمان، کە شارێکی کوردیییەو لە جوگرافییای باشوری کوردستان ئەچێت وێنە گیراوە. و ماوەی دوو مانگی خایاندووە.

ئەم فیلمە پەیامێیکی زۆر بە هێز دەگرێتە خۆ، ئەو پەیامەشی، بانگێشتکردنە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە، دوور لە شەڕو جینۆساید لە نێوان گەلانی جیهاندا.






### کاریکاتێریست گرفتار کاکەیی:

# بەهۆی دەرخستنی ڕاستییەکانەوە زەندەقیان لەم هونەرە چووە

دیداری: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە



کاریکاتێر وەك هونەرێك تا ئەم ساتە وەك پێویست قسەوباسی ئەکادیمییانەی لە بارەوە نەکراوەو کەمترینمان شارەزای مێژووی سەرهەڵدانی ئەم هونەرەین و هاوکات کەمترین هونەرمەندانی کاریکاتێریستی جیهان و وڵاتانی دەوروبەرمان و بگرە خۆیشمان دەناسین، دەتوانم بڵێم ئێمە تەنها لە ڕووپەڕی گۆڤار و رۆژنامەکانەوە زیاتر بۆ بینینی وێنەیەکی تەنزئامێز یان ڕستەیەکی ڕەخنەیی دەڕوانینە وێنە کاریکاتێرییەکان، دیارە لەوەدا شتێکی ناڕەوا نامۆ ناکەین، بەڵام بێگومان وەك بایەخدان و بە هەند وەرگرتنی ئەم هونەرە ڕەگەزەکانی ناخوێنینەوە.

گرفتار کاکەیی یەکێکە لەو کاریکاتێریستە دیارانەی لەم هونەرەدا قۆناغێکی



بەرچاوی بریوە، ئەو وەك کاریکاتێریستێك تا ئێستا چەندین پێشانگەی تایبەتی خۆی کردۆتەوەو ئیشەکانی لە ڕۆژنامەکاندا بەدی دەکرێن. لە سەروبەندی کردنەوەی (١٥)مین پێشانگەی تایبەتیدا ئەم دیدارەمان لە گەڵیدا سازدا.

*** ئەوەی لای ئێمە تێبینی دەکرێت ئەوەیە ئەم هونەرە زیاتر لە بواری سیاسەتدا ئیش دەکات، ئاخۆ کاریکاتێر زادەی سیاسەتە، یان سیاسەت بوارێکە زیاتر لەگەڵ ئەم هونەرەدا دەگونجێت بۆ ئیشکردن لەسەری؟**

-بەدووری نازانم هەر سیاسەت دایکی ئەم هونەرە بێت و لەوەوە ئەم هونەرە دانسقەیە سەریهەڵدابێت، چونکە ئەوەندەی من ئاگادارم زۆرینەی ئەو کاریکاتێرانەی لە سەردەمی خۆیاندا کێشراون ڕەخنە لە کەسایەتی سیاسی و دەسەڵاتدارانی حکومەت دەگرن. بۆیە من پێموایە کاریکاتێر سیاسەت دروستی کردووە. لەوێشەوە کاریکاتێری سیاسی خەتەرناکترین شێوازە لە بواری هونەری کاریکاتێردا. دەسەڵاتداران بەهۆی ترس لە ناوزڕاندن و ئابڕوبردن و دەرخستنی ڕاستییەکان زەندەقیان لەم هونەرە چووە، بە پێی ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستماندان، دەسەڵاتداران هەمیشە لە دژی کاریکاتێریستان جەنگاون و بە پێی توانا ڕکابەرایەتییان کردوون و تەنانەت زۆرێك لە هونەرمەندان زیندانیکراون.

***کەواتە کاریکاتێریست لە مەترسی دوور نییە و تەنانەت ئەگەری تیرۆریشیان لە سەرە، تا چەندە گرفتار کاکەیی پێیوایە بارودۆخی کەرکوك بە تایبەتی و دواجاریش کوردستان ئەو مەترسییەی لێ بەدی دەکرێت؟**

-لەکوردستاندا تا ئێستا هەوڵی تیرۆرکردنی کاریکاتێریست نەدراوە، بەڵام لە کوردستاندا بە داخەوە (شاهین الامیر)ی کاریکاتێریستی عەرەب لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە لە سەر کاریکاتێرە ڕەخنەییەکانی ژەهر خواردکرا و کۆمەکی نەکرا بۆ ناردنە دەرەوەی بە مەبەستی چارەسەرکردن و بەو هۆیەشەوە گیانی لە دەستدا. شك نابەم کورد تا ئەم ساتە بیرۆکەی ئەمجۆرە تیرۆرکردنەی لابێت.






***کورد تا چەندە توانیویەتی لەم هونەرەدا مێژوویەك تۆمار بکات، یان وردتر بڵێین کەسانێکی دیاریکراومان هەیە لەم هونەرەدا ئاماژەیان پێ بکرێت؟**

-وەکو هونەرەکە تا رادەیەکی باش کاریکاتێریستی کورد برەوی بە پێشخستنی خۆیداوە و توانیویەتی شوێن پێیەکی باش بۆ خۆی دروست بکات. ئەگەرچی وەك پێویست بایەخ بە کاریکاتێر نەدراوە، بەڵام سەلماندوومانە کە هونەرێکە جەماوەرێکی زۆری هەیە و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تایبەت بەم هونەرە بە چاپ گەیەنراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هونەری کاریکاتێر توانای خۆ سەلماندن و خۆ بونیادنانی هەیە لەم وڵاتەدا. لێرەشەوە دەتوانم بڵێم بەڵێ کورد خاوەنی کاریکاتێریستی خۆیەتی و کەسی بە توانامان هەیە، لای خۆمان کاریکاتێریستی دیارمان هەیە وەك(ئاکۆ غەریب، محەمەد فەتاح، تاهیر بەدری)، بەڵام تا ئێستا هونەرمەندانی خۆرهەڵات و باکووری کوردستانم زۆرباش نەناسیوە و تواناکانیشیان وەك هونەرمەندانی لای خۆمان نییە، دیارە ئەویش بۆ ئەم پەراوێزی ئازادییە دەگەڕێتەوە کە کاریکاتێریستی لای خۆمان بوارێکی زیاتری بۆ ڕەخساوە.

***لەبەر ئەوەی کارکاتێر زیاتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەردەکەوێت و گلەیی ئەوەیش هەیە کە خوێنەرمان بە گشتی کەمە، کەمیی خوێنەر نابێتە هۆی کەم ناسینی ئەم هونەرە؟**

-بەڵێ، کەمتەرخەمییە کڕیاری هونەری کاریکاتێر تەنیا ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بێت، بە ڵکو دەبێ کێبرکێ و فێستیڤاڵی بۆ ساز بکرێت و وا بکرێت هونەری کاریکاتێر لە بڵاوکراوەیەکی ڕۆژنامەوانی زیاتر بێت و بایەخی زیاتر بەدەرخستنی خودی هونەرەکە و هونەرمەندانیش بدرێت.

***دانانی دیالۆگ لە نێو بازنەیەکدا بۆ کاریکاتێر تا چەندە لە وردبوونەوەو رامانی بینەر بۆ وێنەکە کەم دەکاتەوە، کامیان باشترە بەتوانج یان بێتوانج؟**



-من لەگەڵ ئەوەدا نیم کاریکاتێر تەنها بۆ کاریکاتێر بێت، ئەگەرچی لە وڵاتانی پێشکە و تو و د ا کاریکاتێری بێتوانج پەسەندە، بە باشی دەزانم کاریکاتێری بە

توانج هەبێت، بە تایبەتی لای خۆمان جەماوەری زۆری هەیەو دواجاریش ئیشەکە بۆ جەماوەر دەکرێت. لە دەرەوەی وڵات ئەم هونەرە ئەم قۆناغەی بڕیوە، خراپ نییە ئێمەیش بەم تاقیکردنەوەیەدا تێپەڕین.

***ڕەگەزەکانی ئەم هونەرە کامەن، ئاخۆ لە کاریکاتێردا بیرۆکە، دیالۆگ، ڕەنگ گرنگە یان ئەو بڵاوکراوەیەی کاریکاتێرەکەی تێدا دادەبەزێت؟**

-ئەوانەی ناوتبردن هەمووی گرنگن، ڕۆژنامە وگۆڤارەکان گرنگیی زۆریان هەیە، کاریکاتێر هونەرێکی جیهانییەو مێژووی خۆی هەیە. لە چاوپێکەوتنێکا مامۆستا مەدحەد کاکەیی ئەم هونەرە بە هونەرێکی کاتی ناودەبات، بەڵام کاریکاتێر هونەرێکی جیهانییە نەك کاتی، هونەرێکی نەمرەو تۆمارکەرێکی دەقاودەقی مێژووە، لە ناوەڕۆك و فۆرمی ئەم هونەرەوە توانراوە مێژووی ئەم سەردەمە بە ڕاستەقینەترین شێوە بخوێنرێتەوە. هەروا کاریکاتێر چەندین شێوەو جۆری هەیە کە تەنها کاریکاتێرێکی سەرپێین و لەگەڵ دوا ساتەکانی ڕۆژێکدا دەمرن، هەیە مێژوویەك دەخوێنێتەوەو هەیشە بۆ هونەرەکە دەکێشرێت، ئەمجۆرەیان بە هەموو واتاکانیەوە بە نەمری دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە تابلۆیەکی کاریکاتێرییە، لەلایەنی فۆرم و تەکنیك و هێڵ و ڕەنگ و هەموو وردەکارییەکانی ترەوە لە تابلۆیەکی شێوەکاریی جیاوازیی نییە و هەر بە تابلۆیەکی کاریکاتێریی شێوەکاری دەژمێردرێت و بەها هونەرییەکی دەمێنێت، کەواتە من لەگەڵ بۆچوونەکەی مامۆستا مەدحەد کاکەییدا نیم.

***باست لە هونەری شێوەکاری کرد، ئاخۆ کاریکاتێرو شێوەکاری هیچ جیاوازییەکیان نییە؟**

-







جیاوازییان لە چەند خاڵێکدایە، کاریکاتێر هونەرێکی تەنز ئامێزە، وێنەو فیگەرەکانی تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە لە قوتابخانەی تەعبیری و سوریالیزمەوە نزیکە، هەر ئەمەیشە وایکردووە وەك تابلۆیەکی کاریکاتێری تەماشای بکرێت نەك وەك تابلۆیەکی شێوەکاریی.

***پرۆژەی پۆرترێتی شاعیران و ناودارانی کوردت هەبوو و پێموابێ ژمارەیەکی باشت لێ وێنە کێشا، ئەو پرۆژەیە چیی بەسەر هات و بۆچی بەردەوام نەبوو تا ئەلبوومێکی باشی لێ پێکبێنیت؟**

- - هەڵبەتە پۆرترێتی ناودارنی کوردم زۆر کێشاوە بە ئاست و کەسایەتیی جیا جیا لەشاعیران و نووسەر و هونەرمەندو سیاسەتوانان، ئێستاش ئەگەر بوارم بۆ بڕەخسێت ڕەنگە بتوانم زۆربەی وێنە سواو و کاڵوکرچەکانی ئەو ناودارانە نوێ بکەمەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وێنەی کۆمەڵێك شاعیر و هونەرمەند و ناوداری کوردم لای خۆم کۆکردۆتەوەو بەنیازم بە جوانترین شێوە وێنەی ڕەنگاورەنگیان بۆ بکێشم. ئەگەر باری ئابووریم باشبوایە و لایەکەمی مووچەیەکم ببوایە و بمتوانیبایە هونەرەکەمی پێدەوڵەمەند بکەم، دەمێك بوو ئەو ئەلبوومەم چاپدەکرد کە تۆ باسی دەکەیت، بەڵگەیشم بۆ قسەکەم ئەو وێنانەیە کە لە یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کێشاومن.

***ئەو مۆنتیڤانە چۆن دەبینیت کە لە بڵاوکراوە ئەدەبییەکاندا بۆ شیعر دادەنرێن؟ ئایا دەبێ پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی شیعرەکەوە هەبێت؟**

-ئەو مۆنتیڤانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەیانبینم، بەشێوەی نیگار و زەخرەفە کێشراون و بریتین لە چەند هێڵێکی سەرلێشێواو و هێڵکارییەکی زۆر لاواز و بە مۆنتیڤی دادەنێن! پێم سەیرە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە چۆن شتی وا بڵاو دەکەنەوە! مۆنتیڤ دەبێ هێڵکارییەکی بەهێز و کەم هێڵ بێت. مەرج نییە پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی شیعرەکانەوە هەبێت، تەنها بۆ پڕکردنەوەو جوانکاریی ئەو پانتاییە سپییانەیە کە لە نووسینەکەدا دەمێنێتەوە.

***لەزمانی خۆتەوە بیستم کە حەزت کردووە فیلم کارتۆنی منداڵان دەربکەیت، هیچ هەوڵێکتداوە، یان بۆت نەکراوە و لەبەر چی؟**

-لە ساڵی ١٩٨٦ وە دەیان جار چوومەتە تەلەفزیۆنی کەرکوك و ئامادەیی خۆم دەربڕیوە ، بەڵام بەهۆی دەستوەردانی کەسانی ترەوە لە زۆر لاوە، ناچار بووم وازم لێ هێناوە، چونکە حەزمکردووە سەربەخۆ ئەو ئیشە بکەم. دەزگای خاك بە سوپاسەوە داوای لێکردم بۆ ئەو ئیشە کۆمەکیم بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی نەمدەویست کەسی تر

لەگەڵدا ئیش بکات، وازم لەوێش هێنا و کارەکەم نەکرد.

***خەڵکی گلەیی دەکەن لە هونەرمەندە دیارەکانی کەرکوك کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە بۆ ئیشکردن لە شاری کەرکوك، تا چەندە هەقیان پێدەدەیت لە نەگەڕانەوەیان؟**

-لە کەرکوك ژیان زۆر سەخت و ناهەموارە، بەتایبەتی بۆ مرۆڤێك کە هەستی ناسك بێت. بەهۆی ئەو خەڵکە نامۆیەوە کەرکوك ژیانی تیا نەماوە، تا رادەیەکی زۆریش ژیان وەستاوەو کاتژمێرەکان لە جێگەی خۆیان نابزوێن. لە سەرەتای پرۆسەی ئازادییەوە بایەخێکی زۆر بە کەرکوك درا، بەڵام ئەوە دوو سێ ساڵە فەرامۆشکراوەو تەنانەت خەریکە پیسی و پاشەڕۆ و نەخۆشی شارەکەمان دەخوات و بۆتە زبڵکۆیەکی گەورە. من خودی خۆم پەشیمانم کە هاتوومەتەوە بۆ کەرکوك وخۆزگە خۆم لە شارێکی وەك هەولێر دانەبڕاندایە، یان لە شارێکی وەك سلێمانی تەنانەت بە کرێچێتیش بژیامایە، وەك لە شارەکەی خۆمدا بۆ جاری پێنجەم ئاوارەم و ماڵەو ماڵ دەژیم. دەستخۆشی لەو هونەرمەندانە دەکەم کە نەگەڕاونەتەوە و خۆزگەم بە خۆیان.

**پڕۆفایل**

گرفتار کاکەیی:

※لەساڵی ١٩٦٧ لە کەرکوك لەدایکبووە.

※لە ١٩٨٠ تا ١٩٩٠ بەشداریی تێکرای پێشانگای چالاکیی قوتابخانەکانی کەرکوکی کردووە.

※١٩٨٣ یەکەمین بەرهەمی لەگۆڤاری(المزمار)دا بڵاو بۆتەوە.

※١٩٨٦ وێنەکێشی بەرنامەی جیهانی منالاّن بووە لە تەلەفزیۆنی کەرکوك.

※١٩٩٤ یەکەمین پێشانگای کاریکاتێری لە هەولێر کردۆتەوە.

※ ١٩٩٥ دووەمین پێشانگای تایبەت لە هەولێر.

※١٩٩٧ سێیەمین و چوارەمین پێشانگا لە هەولێر.

※١٩٩٨ پێنجەمین پێشانگا لە هەولێر.

※١٩٩٩ شەشەمین پێشانگا.

※ ٢٠٠١ حەوتەمین پێشانگا لە سلێمانی.

※٢٠٠٢ هەشتەمین پێشانگا لە هەولێر.

هونەر



※٢٠٠٢ نۆیەمین پێشانگا لە تاران.

※٢٠٠٤دەیەمین پێشانگا لە خانەقین.

※٢٠٠٦ یانزەمین پێشانگا کەرکوك.

※٢٠٠٦ دوانزەمین پێشانگا لە داقوق.

※٢٠٠٧ سیانزەمین پێشانگا لە کەرکوك.

※٢٠٠٧ بەشدار بووە لە ( هەشتەمین دوسالانە بین المللی کارکاتۆران).

※٢٠٠٨ چواردە هەمین پێشانگا لە کەرکوك.

※٢٠٠٨ پێشانگایەکی تایبەتی شێوەکاری لە کەرکوك.

※٢٠٠٨ بەشداری لە پێشانگای ساڵانە لە دهۆك.

※٢٠٠٩ پانزەمین پێشانگا کە تایبەت بوو بە کاریکاتێر بۆ منالاّن لە کەرکوك.

ئەندامی کارایە لە رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

تا ئێستا دەیان خەڵاتی وەك هونەرمەندێکی لێهاتوو لە بواری کاریکاتێردا پێ بەخشراوە.

هونەر

## حەمەی نێرگز:

# گۆرانی رەسەن پێویست بەڕتووش ناكات و بەنەمری دەمێنێتەوە



سازدانی: شەنكار عەبدوڵلا

محەمەد ساڵح شەریف ناسراو بەحەمەی نێرگز، ئەو نازناوە خۆی نەیخواستووە، بەڵكو هەر بەمنداڵی ئەو نازناوەی لەلایەن منداڵانی گەڕەكەوە پێدراوە، لەساڵی ١٩٤٢ لەگەڕەكی پیرمەسوور لەسلێمانی لەدایكبووە، هەتا پۆلی پێنجی سەرەتای خوێندووەو بەهۆی قورسیی ژیانەوە وازی لەخوێندن هێناوە، دایكی بەهەندێك كاری شەرەفمەدانە بەخێوی كردوون، لەساڵی ١٩٥٨-ەوە دەستیكردووە بەگۆرانی وتن و نزیكەی (١٣)





گۆرانی هەیە، ئەگەرچی مێژوویەكی دوورودرێژی هەیە لەگەڵ هونەرداو ئێستا فەرمانبەری خانە نشینە لەبەڕێوەبەرێتی رێگاو بانی سلێمانی، لەدیدارێكی تایبەتدا تیشك دەخاتەسەر گۆرانی كوردی و بەرهەمەكانی خۆی و بەمشێوەیە وەڵامی سەرجەم پرسیارەكانی داینەوە.

***چۆن ئاشنابوویت بەهونەر؟ یان چۆن عاشقی هونەربوویت؟**

- وەكو هەموو منداڵێك حەزم بەهونەر كردووە، بەڵام من خولیای هونەری گۆرانی بووم و لەسەرەتاوە لاسایی هونەرمەندانی دیكەم دەكردەوە، ئیدی هەر لەساڵی ١٩٥٨-ەوە گۆرانیم وتووە لەگەڵ هونەرمەندان عوسمان عەلی و ئەنوەر قەرەداغی، لەكۆڵانەكانی سلێمانیدا دەگەڕاین و گۆرانیمان دەوت، هەر ئەوكاتەش لەهەندێك لەماڵەكاندا لەگەڵ كۆمەڵێك كەسی باش دادەنیشتین و گۆرانیمان دەوت بەتەپڵ و دەفەوە، تۆمارمان دەكرد، بەیانی گوێمان لەگۆرانییەكانی خۆمان دەبوو لەچاخانەكاندا، گۆرانییەكانمان بەسەر زاری خەڵكەوە بوو، من هەردوو گۆرانی (سەرچنار وێنەی باغی لوبنانەو كچی خاوەن تەلار) كە هەردووكیان شیعری قادر برسین، ئەم گۆرانیانە بەسەر دەمی خەڵكی سلێمانییەوە بوون، هەروەها عوسمان عەلیش بەهەمانشێوە، ئەگەرچی من گۆرانیم لەگەڵ ئیبراهیم خەیات و شەهید قادر كاباندا هەیە، بەڵام هیچیان لای خۆم نەماون لای كاك عەلی غەمگین ماون، كە ئێستا لەسوید دەژی، ئەو گۆرانیانە ئێستا لێبدەیتەوە تام و چێژی خۆی هەیە.

***چۆن لەگۆرانی و كلیپی هونەرمەندە گەنجەكانی ئێستا دەڕوانیت؟**

◆

**هونەری كوردی بووە بەمەسەلەی بازرگانی و خۆدەرخستن**

◆

- کاتی خۆشی ئێمە کە گۆرانی تازەمان دەوت کۆمەڵێك رەخنەیان لێدەگرتین، ئێستا ئەم گەنجانە بێ رەخنە نین و رەخنەی نەوەکانی پێش خۆیان لەسەرە، گۆرانی کوردیش تووشی گێژاوێکی سەیربووە، هاتنە دەرەوەی زۆر ئەستەمە، هۆکارەکەشی ئەوەیە سانسۆرێکی ئەدەبی و هونەری نییە لەسەر گۆرانی کوردی، بۆئەوەی ئەو گۆرانییەی دەکەوێتە بەرگوێی جەماوەر رەسەنایەتی تیابێت، شیعرو ئاوازەکە تانوپۆی یەکتربن، هەندێك شتیش هەیە لەگۆرانی ئێستادا بەبۆچوونی من نەکرێت باشترە، بۆ نموونە کورێکی گەنج گۆرانی دەڵێت کۆمەڵێك کچی لەگەڵدایە، بۆیە ئەوەندەی خەڵك هۆشی لای کچەکانە، ئەوەندە خەڵك گوێ لەگۆرانییەکە ناگرێت، گۆرانی رەسەن پێویست بەروتووش ناکات و بەنەمری دەمێنێتەوە.

***زۆرجار دەوترێت گۆرانی کوردی ئێستا زۆر تێکەڵی فارسی و تورکی و عەرەبی بووە بەرادەیەك خۆی بۆ نادۆزرێتەوە، ئەمە تاچەند واقیعیە؟ ئایا فۆلکلۆر لەبەردەم مەترسیدا نییە؟**

- بێگومان ئەوە راستە، هەمیشە شتی بێگانە وتنەوە لەوانە ماوەیەك دەوری هەبێت و پاشان دەمرێت، بۆیە ئێمە خاوەنی موزیك و فۆلکلۆری خۆمانین، بڕواناکەم هیچ میلەتێك بەقەد ئێمە دەوڵەمەند بێت لەکەلەپووردا، پێویستە زیاتر ئیش لەسەر ئەو کەلەپوورە بکرێت، ئەم فەوزایەی ئێستا دروستبووە گرفتی بۆ فۆلکلۆریش دروستکردووە، بۆیە پێویستە جوانکاریی لەفۆلکلۆردا بکەین نەك بیشوێنین، ئەگەر من گۆرانییەکی فۆلکلۆرم وت و زیادەیەکی جوانم خستەسەری ئەوا زۆرباشەو خزمەتە بەفۆلکلۆر، ئەگەر فۆلکلۆریشمان شێواند مانای وایە هیچمان نەکردووە، ئەگەرچی ئێمە ناتوانین خەتێکی راست و چەپ بەسەر ئەو هونەرمەندانەدا بهێنین لەدوای ئێمەوە هاتوون، هەندێك لەو هونەرمەندانە کاری باشیان کردووەو خاوەنی دەنگی خۆیان.

***هۆکاری پێشنەکەوتنی هونەری کوردی بۆچی دەگێرێتەوە؟**

- هونەر بوو بەبازرگانی، ئیتر دەبێت فاتیحای بۆبخوێنت، ئەو گۆرانییە رەسەنانەی کەماوە گەنج و پیر گوێی لێدەگرێت، ئەو کاتەی ئەم گۆرانیانە وتراوە نە بۆپارە پەیداکردن وتراون نە بۆ خۆدەرخستنیش وتراون، بۆیە ئەو سەردەمە هونەرمەندان گۆرانی وتنیان وەك سەنگەری بەرگری هەڵبژاردبوو، پێشمەرگە لەسەنگەرێکدابوو خوێنی دەدا، ئێمەش لەسەنگەری پێشخستنی هونەری کوردیدا بووین، بۆیە ئێستاش گوێ لەهەندێك گۆرانی فۆلکلۆر دەگریت مەست دەبیت، بۆیە ئەمانە شتی رەسەن بوون بۆپێشخستنی هونەری میلەتێك وتراون، نەك بۆپارەو خۆدەرخستن، ئێستا هونەری کوردی بووە بەمەسەلەی بازرگانی و خۆدەرخستن، پێویست ناکات لەپێناو




خۆدەرخستندا کەلتووری نەتەوەیەکی دیکە بهێنیت.

***تۆ وەك هونەرمەندێك ئێستا گوێ لەدەنگی کێ دەگریت؟**

- گوێ لەدەنگی زەکەریاو عەدنان کەریم و بەهجەت یەحیاو کۆمەڵێك لەو گەنجانە دەگرم، هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژییان بۆدەخوازم.

***لەگەڵ ئەو مێژووە درێژەی تۆ هەتە لەبواری هونەری کوردیدا بەرهەم زۆر کەمە، هۆکاری ئەمە چیە؟**

- من لە ١٩٥٨-ەوە دەستم کردووە بەگۆرانی وتن، ئەو کاتە هیچ ئیزگەیەك نەبووە لەسلێمانیدا، ئەمە جگەلە قورسی ژیان، بۆیە ئەوەی ئێمە کردوومانە بەبێ مامۆستا بووە، بۆیە من لەمنداڵییەوە خەریکی کارکردنم ئێستا خانەنشینم.

***لەم ساڵانەی دوایدا بەرهەمێکت لەگەڵ تیپی موزیکی سەهەنددا تۆمارکردبوو، ئەمە حەزکردنی تۆیە بۆگەنجی؟ یان دەتەوێت بڵێی من هێشتا هەرگەنجم؟**

- بێگومان دەرفەت هەبێت ئەو شێوازو ستایلەی خۆم ئیشم بۆ کردووە هەتا ئاخر رۆژی تەمەن ئیش بەو ستایلە دەکەم، گۆرانییەکانی من شێوازێکی تایبەتیان هەیە، هەمیشە بەهیواوە گۆرانیم وتووە، من زۆر سوپاسی تیپی سەهەند دەکەم، یەکەم تیپن خۆیان هاوکارییان کردووم، ئێستاش کاك هێرش ئیعدادی گۆرانییەکی بۆ کردووم، بەڵام بەهۆی باری تەندروستیمەوە نەمتوانیوە دەنگی بخەمە سەر، هەروەها ئاوازێکی دیکەشم هەیە کاك دلێر حسێن ئیعدادی بۆکردووم، ئەوەش هەرچاوەڕێی باشبوونی تەندروستیمم بۆئەوەی دەنگی بخەمە سەر، واتە ئێستا دوو گۆرانیم حازرە تەنیا لایەنی تەندروستیم باش نییە.

*چی دەڵێیت بەهەوادارانی دەنگت؟

-هەتا بتوانم لەخزمەتیان دەبم، ئەگەر تەندروستیم بوارم بدات.



## شیرین جیهانی:

# سەدا سەد دەڵێم سینەمای کوردی سینەمایەکی تازە لەدایکبووە

سازدانی ئاراس ئیسماعیل-هەولێر

لەساڵی ١٩٨٠ لەشاری مهاباد لەدایکبووەو ماوەی دوو ساڵ لە ئەدەبیات خوێندویەتی و دواتر چۆتە سینەماو چەند ساڵێکیش خەریکی خوێندنی سینەما بووە، ئێستا لەباشوری کوردستان دەژی و لە فێستیڤاڵی کالابێریا لە ئیتاڵیا خەڵاتی باشترین فیلمی بەدەستهێنا.

*** چۆن بوو سینەمات هەڵبژرادو گۆرانی وتنت هەڵنەبژارد؟**

- دەنگم خۆش نەبوو، هەڵبژاردنی هونەری سینەماش حەزو خولیاو ئارەزووی خۆم بوو، بڕوام نەدەکرد کە ڕۆژێك ببمە سینەماکار، لەمنداڵییەوە زۆر هۆگری فیلم بووم و سەیری فیلم دەکرد فیلمی دۆبلاژکراو، فیلم دەتوانم بڵێم لێرە تۆزێك لەپێشترە کاریگەری بۆ سەر خەڵك هەیە کەوایلێدەکات کە دابنیشێت و سەیری فیلم بکات و گوێی لێبگرێت، زۆر سەیری ئەو فیلمانەم دەکرد کە لەناو ئێران بەرهەم دەهات، لەناو ئێران دۆبلاژ دەکران..هەر لەمنداڵیەوە ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە بەدوای سیناریۆی





فیلمەکاندا بچمەوە بەتایبەتی هەندێك فیلم کە لەئێران پیشاندەدرا، کە دۆبلاژکرابوون جوانتر تێدەگەیشتیت، بوو بەهۆی ئەوەی کەسایەتیە ناودارەکانی سینەما بناسم جا لەئێران ئەو جوڵانەوەیەی کە لەسەر سینەما هەیە خەڵکانێکی زۆر بەدوای وردەکاری سینەمادا دەڕۆیشتن، گۆڤاری سینەمایی لەوێ زۆر دەردەچوو ئیتر خوێندنەوەی ئەو شتانەو زۆر سەیرکردنی فیلم خۆی کاریگەریەکی زۆری لەسەرم هەبوو.

*** کاریگەری کام جۆری سینەمات بەسەرەوەیە؟**

- زیاتر من حەزم لەسینەمای فەرەنسییەو کاری سینەمای فەڕەنسیم زۆر پێ خۆشە یەك لەو دەرهێنەرە فەرەنسیانەی کە زۆر خۆشم دەوێت و ناسراوە چیکۆفیسکییە، لەسینەمای هۆڵیودیش زۆر سەیری فیلمەکانی سپلبیرگ دەکەم و دوای ئەوانیش تاماکسم زۆر خۆش دەوێت کە لەزۆربەی کارەکانی سیلبیرگ دا بەشداریکردوە چ وەکو ئەکتەر یاخود یاریدەدەر یاخود بەرهەمهێنەری فیلمەکانی بەڵام بەگشتی زۆر حەزم لەسینەمای فەڕەنسییە.

***جگە لەکاری فیلم وەکو دەرهێنەر کارت بۆ کلیپ کردوە؟**

- بەڵێ کلیپم بەرهەم هێناوە، هەرچەندە کە من بەفیلمی دیکۆمێنتاری دەستم بەکاری سینەمای کرد، هەر دروستکردنی ئەو فیلمانەش پەیوەندییەکی زۆر بەکاری منەوە هەبوو لە ئەنجومەنی ئەدەبی ئەوکاتە کە دەچووم لە کۆڕی ئەدەبی بەشداریم دەکرد



لەگەڵ چەند شاعیرێکی ناودار ئاشنابووم لەوانە خاڵە مینی بەرزنجی، ژیلا حوسەینی بوو کە ئەوانە خوایان لێخۆش بێت لەژیاندا نین..من ژیانی ئەوانم هێنا بەفیلمێکی دیکۆمێنتی پیشانم دا بۆئەوەی ژیانی ئەوان نەمرێت هەرچەندە کەسایەتی ئەوانە نامرن ئەوانە شاعیرێکی زۆر گەورەبوون هاتمە ناو دنیای فیلمی دیکۆمێنتاری، لەدوای ئەو فیلمانەش زنجیرەیەکم بەرهەمهێنا کە زنجیرەیەکی مێژوویی بوو لەساڵی ٢٠٠٣ کە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ تەواوم کرد لەکەناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤی کە ٢٧ زنجیرە بوو لەسەر ئاسەوارە کۆنەکانی ئەودیو بوو بەتایبەتی ناوچەی موکریان کە مێژووی هەندێکیان دەگەڕایەوە بۆ دوو سێ هەزار ساڵ لەوەو پێش و کۆنتریشی تێدابوو ئەوانە لەشەوانی ڕەمەزانی ٢٠٠٤ دا لە کوردستان تی ڤی نمایشکرا کە ماوەکەی نیو کاتژمێر بوو.

لەدوای ئەوەش کارێکی دیکۆمێنتاری دیکەم کرد بەناوی بارانی مەرگ لەسەر خوالێخۆشبوو شەهید لەیلا قاسم بۆ کەناڵی زاگرۆس، دواتریش فیلمێکی دیکۆمێنتاری ترم کرد بەناوی یاوەران و پێش ئەوەش چەند کورتە فیلمێکم هەبوو کە یەکێکیان بەناوی تارمایی بوو کە لە فێستیڤاڵێکی کوردی بوو، دوای ئەوە کورتە فیلمی دۆنم هەیە کە ماوەکەی ١٢ خولەکەو تارمایی ماوەکەی ١٧ خولەکەو نەگریس ماوەکەی ٢٦ خولەکەو دوای ئەوەش فیلمی ئەستێرەکان لەڕۆژدا بێ ڕەنگن کە یەکەم کاری گرنگی منە کە بەسیستمی سینەمایی کاریکردوە.

***ڕێژەی بینەرانی فیلمی کوردی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- خۆی لەڕاستی دا لەزنجیرە کوردییەکانەوە من دەتوانم بڕیار بدەم کە زنجیرە کوردییەکان جەماوەرێکی زۆریان هەیە، هەتا ئەگەر لەبارەی دەرهێنان و لایەنی ترەوە لاوازبێت، بەڵام لەبەرئەوەی کوردییەو بۆنێکی کوردەواری پێوەیە خەڵکێکی زۆریش سەیری دەکات.

فیلم ئەوەندە زۆر لە TV یەکان پیشان نادرێت، تۆ ئەوەندە بەو شێوەیە فیلم نابینی کە پیشان بدرێت بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر هەبێت و پیشان بدرێت خەڵك پێشوازی لێدەکات، نەبوونی هۆڵی سینەما وا لە خەڵك دەکات کە نەزانێت ئەو فیلمە چییەو چۆن بەرهەمهاتووەو سیناریۆکەی چییە، بۆیە لەسەر فیلم ناتوانم زۆر بڕیار بدەم چونکە تەلەفزیۆنەکانیش زۆر کەم فیلمی کوردی بڵاودەکەنەوە، بەڵام زنجیرەکان خۆیان بەڵگەو شاهیدی باشن بۆئەوەی کە بڵێم خەڵکی ئێمە حەزیان لەکاری کوردی و سیناریۆی کوردییە.





*** فیلمی (ئەستێرەکان لەڕۆژدا بێڕەنگن) تاکو ئێستا بەشداری لەچەند فیستیڤاڵی جیهانیدا کردوە؟**

- لەفێستیڤاڵی ئەلکساندەر لەمیسر کە بەشداریکرد کە تەنیا فیلمی کوردی بوو بەشداربێت دوایی لەئیتاڵیا لەفیستیڤاڵی (کالابێریا) بەشداری کردو خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵەکەی بەدەستهێنا بەشداری کرد کە دوو فیلمی کوردی تێدابوو و لەدوای فیلمەکەی من فیلمێکی هاوبەشی چین و ئەمریکا بوو کە خەڵاتی دووەمی هێناو خەڵاتی سێ یەمیش درا بەفیلمێکی ئیتاڵی و ئەو فیستیڤاڵە نێودەوڵەتی بوو زیاتر لە ٥٠ فیلم تیایدا بەشداری کردبوو و لەزۆرتر لە ٣٠ وڵاتەوە، ئەو فیستیڤاڵە سەرکەوتوو بوو زۆربەی ئەکتەرە ناودارەکانی ئیتاڵیاو زۆربەی وڵاتەکانی تری وەکو ئەمریکاوە هاتبوون.

ئەمەوێت ئەوە زیاد بکەم کە ئێستا فیلمەکە بۆ چەند فیستیڤاڵێکی تر بانگێشت کراوە

*** ئەو فیلمە لە چ ناوچەیەك وێنە گیراوەو چیرۆکی فیلمەکە باس لەچی دەکات؟**

- لەچەند ناوچەیەکی جیاوازی هەرێمی کوردستان وێنەگیراوە، لەشاری سلێمانی سودمان لە ئەمنە سورەکە وەرگرتوە وەکو زیندان لەدوای ئەویش ئاکرێ و بارزان و چەند دیمەنێکیش لە وڵاتی میسر وێنەمان گرت و چەند دیمەنێکیشی لەتاران وێنەمان گرتوە..ماوەکەشی نزیکەی دوومانگی خایاند.

*** وەکو دەرهێنەرێك چۆن ناسنامەی فیلمەکانت دیاری دەکەیت و ئەو پەیامە چی یە کە هەڵتگرتوە بۆ جیهان؟**

- خۆی زۆرتر هەر دەرهێنەرەو شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو حەز دەکات بەشێوەیەك بڕواتە پێشێ، هەرچەندە ئیشە کوردییەکان زۆرلێك نزیکن ناتوانم بڵێم تۆ فیلمەکان هەموو بەستایلێك دەبینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەندێك دەرهێنەر هەندێ شتی تایبەت بەخۆی هەیە من زۆرتر لە فیلمەکانی خۆمدا تەرکیزم لەسەر سیناریۆی فیلمەکانمە حەز دەکەم ئەو شتەی کە بەدەرەوە بوو بۆ بۆ خەڵکی پیشان بدەم و شتێك بێت کە واقیعیەتی کەلتوری من بێت، خەڵکی من بێت و دەرەوە ببینن زۆرتریش هەوڵدەدەم کە شتەجوانەکان پیشان بدەم، دیارە لەو فیلمەدا تۆ کەدێیت باس لەمێژووی کورد دەکەیت غەدرێکی تێدایە من ناڵێم غەدرەکە شتێکی جوانە، بەڵام لەکلتور حەز دەکەم

شتی جوان پیشان بدەم، بەڵام غەدرێك كە لەو فیلمەدا من پیشانم داوە كاتی خۆی ڕۆژێك كە بەعس بەسەر ئێرەی دا هێناوە بەسەر ئەو پارچەیەی كوردستان دیارە غەدر شتێكی جوان نییە تۆ ناتوانیت وەسفی كەیت. بەڵام یەك لە هیوایەتە سەرەكیەكەم ئەوەبوو كە خەڵكی دەرەوە بەڕاستی ئەو غەدرە ببینن كە لە خەڵكی ئەم پارچەیەی كوردستان كراوە.

هەرچەندە دیارە فیلم لەسەر ئەنفال زۆر سازكراوە، لەسەر بەندكردن و زیندان زۆر سازكراوە، بەڵام من هەوڵداوە لەڕێگایەكی ترەوە بچمە ناو واقیعیەتی ئەنفال من هاتووم لە كۆمەڵێك ژن، كۆمەڵێك ئەو كەسانەی كە دوای كارەساتی ئەنفال ماونەتەوە لەو ڕێیەوە بچمە ناو سیناریۆكە و ئەو كارەساتە پیشان بدەم زۆرتر هەر ئامانجشم ئەوەیە كە لەو سیناریۆی فیلمێكی خۆم جوانییەكانی ناو كلتورو فەرهەنگی گەلی خۆمەو هەموو ئەوشتانەی نەگبەت و هەموو ئازارانەی بەسەر گەلەكەی مندا هاتووە بەدەرەوەی بناسێنم.

*** بۆچی تۆ زیاتر بابەتە كۆمەڵایەتیەكان هەڵدەبژێریت؟**

- دیارە تۆ چ شتێكی كۆمەڵایەتی هەڵدەبژێریت دەبێت ئەندێشەیەكی لەپشتەوە هەبێت بۆئەوەی كە تۆ هەڵیدەبژێریت بەتایبەت كۆمەڵایەتی بێت بۆئەوەی ڕەنگدانەوەیەكت هەبێت لەسەر هەموو كۆمەڵگای خۆت و هەم ناساندنی كۆمەڵگاكەت بەدەرەوە، هەندێ كلتوری ناشرینیش ئەگەر هەبێت قەیناكات با خەڵكەكەت پێناسینی كۆمەڵێك شتی من لاببەو كۆمەڵێ شتی بەدواوەیە..لەهەمان كاتدا كلتوری جوانت هەیە بەخەڵكەكەی خۆت جوانتر زەقی بكەرەوە كە ئەو شتە جوانەی هی ئێمەو بەدەرەوەشی بناسێنە.

*** كەواتە دەتوانین بڵێین شیرین جیهانی لەدەرهێنەرەكانی تری فیلمی سینەما جیاواز ترە؟**

- دەمێنێتەوە سەر رای خەڵك چونكە من وتم هەموو دەرهێنەرەكان ستایلی ئیش كردنیان لەیەك نزیكەو دەمێنێتەوە سەر ناوەڕۆك و سیناریۆ من زۆرتر حەزم لێیە بەتایبەت وەكو ئافرەتێك خۆم لە چوارچێوەی ئیشی ئافرەت دا نەهێڵمەوەو لەسیناریۆی داهاتووم لەسەر كێشەیەكی گەورەی ئافرەتانە، بەڵام حەز ناكەم زۆر لەو چوارچێوەیەشدا دەمێنمەوە، چونكە كۆمەڵگا بەتەنها ئافرەت نیە، بەڵكو ئافرەت و پیاو بەیەكەوەن.

*** رات چیە دەربارەی سینەماكارانی كورد، ئایا هیوایەك بەدی دەكەیت؟**





- ئەی چۆن ئێستا سینەماكاری زۆر باشمان هەیەو كەسانێكی زۆر باش پەیدابوون دەبینین كورتە فیلمی زۆر باش هەیەو كاری زۆر باش كراوە، كۆمەڵێك گەنج هەستاون ئێستا ئیشیان كردوەو دەستیان كردوە بەكاری سینەما كە ئەوانە زۆر جێگای دڵخۆشین بۆ ئێمە، سەدا سەد من دەڵێم سینەمای كوردی سینەمایەكی تازە لەدایكبووە.

*** دوا پرۆژەی كاری شیرین خان چییە؟**

- ئێستا سەرقاڵی نوسینی سیناریۆیەكم تازە دەستم پێكردوە زۆر لەمێژ نییەو ماوەی مانگێك دەبێت دەقەكە تەواو بووەو خەریكی دارشتنەوەیم وەكو پێشتر ئاماژەم پێكرد لەسەر كێشەی ژنانە لەناو كۆمەڵگای ئێمەدا كە دیاردەیەكی ناشرینە كە تاكو ئەمرۆ ماوەتەوە، بەداخەوە لەكۆنەوە هەبووە تاكو ئێستاش هەر بەردەوامە.

لەگەڵ ئەوەی چینێكی باشی رۆشنبیر لەپیاوەكان هەستاون ئیش دژی ئەو دیاردەیە دەكەن بەڵام شتەكە هەرماوەتەوە، حەز ناكەم زیاتر بچمە ناوەڕۆكەوە، بەڵكو ئەوكاتەی كە تەواوبوم بزانن كە خەریكی چ كارێكم.

# کۆنسێرتی.....

# موزیکی کلاسیك



ئۆرکێسترای سیمفۆنی نیشتمانی عیراق

ئا: هەنار

فۆتۆ: سەفین ئیسماعیل

بەمەبەستی بــرەودان بەهونەری موزیك، بەتایبەتی موزیکی کلاسیك، ئۆرکێسترای سیمفۆنی نیشتمانیی عیراق بەسپۆنسەری ئاسیاسێڵ کۆنسێرتێکی موزیکی کلاسیکی لەرێکەوتی رۆژی ٧/١٨ لەهۆڵی تەلاری هونەر لەشاری سلێمانی سازکرد، کەتێیدا چەندین پارچە لەموزیك پێشکەش بەئامادەبووان کراو ئامادەبووان بەچێژێکی زۆرەوە گوێبیستی بوون، کۆنسێرتی (موزیکی کلاسیك) لەلایەن مایستۆر کەریم وەصفییەوە بەرێوەبرا.



پرۆگرامی کۆنسێرتەکە لەدووبەش پێکهاتبوو:

بەشی یەکەم:

١- جۆسیب ڤێردی (١٨١٣-١٩٠١)

وڤێر جەری نەبوو خوزنەسر

٢- کارل ماریا ڤۆن فیبەر

مۆنشێر تۆی کلارینێت جوڵەی دووەم و سێیەم

ژەنیاری سۆلۆ عەلی خەساف

٣- محەمەد زارا- سەمایەکی کوردی

٤- فرانتز لیست (١٨١١-١٨٨٦)

برلیۆد قەسیدەیەکی سیمفۆنی

**بەشی دووەم:**

١-ریچارد ستراوس (١٨٦٤-١٩٤٩)

Till Eulenspeigel

٢-عەلی خەساف

سەمایەکی عیراقی بۆ سەنتوورو ئۆرکێسترا سۆڵێست (هەلا بەسسام)

٣-جۆرج جێرشفین (١٨٩٦-١٩٣٧)

Rhapsody in blue

سۆلۆی پیانۆ لەلایەن سۆڵیست

ئەحمەد مەحمود

٤-دیڤۆر جاك (١٨٤١-١٩٠٤)

## کورتەیەك لەمێژووی

## ئۆرکیسترای سیمفۆنی نیشتمانی عیراق

لەهەموو جیهانی پێشکەوتوودا ئۆکێسترا لەپوختەی پێشکەوتن و شارستانیبوونی هونەری و کۆمەڵایەتی دادەنرێت لەرووی ئەکادیمی و هونەرییەوەو ئەندامەکانی بریتین لەبەتواناترین مۆزیسیان.

سەمفۆنیای نیشتمانیی عیراقی بەکۆنترین ئۆرکێسترای ئەم ناوچەیە دەژمێردرێت کە سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ چلەکانی سەدەی رابردوو و لەمامۆستاو قوتابیانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆمەڵی بەغدای فولهارمونیك پێکهاتبوون و چەندین ئاهەنگ و چالاکییان پێشکەشکردووە وەك ئۆرکێسترای ژێدار.

لەساڵی ١٩٥٩ خراوەتەسەر وەزارەتی پەروەردە وەك ئۆکێسترایەکی تەواو تا ساڵی ١٩٦٢ کە تێیدا ئۆکێسترا بەشێوەیەکی فەرمی کەوتە ژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی

ئیرشادو لەهەمان ساڵدا چالاكیی خۆی نواندووە بەبۆنەی ئاهەنگەكانی یادی هەزار ساڵەی شاری بەغداو یادی فەیلەسوفی بەناوبانگ كیندی، ئۆركێسترا بەردەوام بوو لەپێشكەوتنداو لەكۆتایی ساڵانی حەفتاكان و هەشتاكاندا دەرچووانی قوتابخانەی موزیك و باڵێی لەخۆگرت بەجۆرێك كە چەندین ناوی درەوشاوەی پێشكەش بەناوەندی هونەری مۆسیقا كرد جگە لەدەرچووانی پەیمانگەی هونەرەجوانەكان و قوتابخانەی مۆزیكی سەربازی و هەموو ئەو مۆزیسیانە بیانییانەی كە نیشتەجێی عیراق بوون.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە چەندین سەرۆك ئۆركێسترای بیانی شارەزا سەرۆكایەتیی ئەم ئۆركێسترایەی كردووە كە ناودارترینیان (سیگفرید شتۆلد، هانز كونتر مۆر، كۆرت كۆن)ی ئەڵمانی (جێرزی برۆسنەر) پۆلونی، (ئێرلینك هۆی) دانیماركی، (هانز كراف) نەمساوی، (جۆرج مان ، میكلۆش جیر) هەنگاری،



گرتەیەك لەكۆنسێرتەكە

(بیلك زیدیك) پۆلۆنی هەریەك لەیوری هەلییف و رامز ئەسلانۆف كە خەڵكی یەكێتی  سۆڤییەتی جاران بوون. ئەمانە تا ساڵانی هەشتاكان بەردەوامبوون، كاتێك سەرۆكایەتیی كەوتە دەست هونەرمەندە عیراقییەكان كە دیارترینیان: (محەمەد ئەمین عیززەت، عەبدولرەزاق ئەلعەزاوی، محەمەد عوسمان سدیق) بوون و لەساڵی ٢٠٠٧و ئۆركێسترا لەلایەن مایستۆر (كەریم وەصفی)یەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەو پێشكەوتنە جۆرییەی كە ئۆركێسترا بەخۆیەوە دی بووە هۆی دەركەوتنی چەندین ژەنیاری تاكی (سۆلۆ) لەگەڵ ئۆركسترا كە عیراقی بوون و بوونە شوێن پڕكردنەوەی ژەنیارە میوانە بیانییەكانیان كە ئۆركسترای عیراقی پشتی پێ بەستبوون.



لەئێستادا جگەلەو موزیسیانە عیراقییە ناودارانە، تیپی ئۆركیسترای نیشتمانیی، لەدوو سەدو بیست ئەندامەكەی، تەنیا حەفتاو پێنج كەسیان بیانین، كە ئەمە ڕێژەیەكی نموونەی ئۆركسترای فولهار مۆنیكە.

كەریم وەصفی سەرۆك و بەڕێوەبەری ئۆركیسترای سیمفۆنی عیراق ئەوەی راگەیاند: ئۆركێسترای سیمفۆنی وەك رواڵەتێكی شارستانیی بەرچاو لەڕیزی پێشەوەیە بەتایبەتی دوای پەیوەستبوونی راستەوخۆی بەوەزارەتی رۆشنبیرییەوە، ئێستاش ئاراستەیەكی باشی هەیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كەرتی تایبەت و ئەمەش بەسەرەتایەكی سەركەوتوو دادەنرێت ئێستا لەهەوڵی دانانی بناغە بنەڕەتییەكانی پەرەسەندنی بەردەوامداین بۆ جۆری كاری هونەری لەڕێی پلانێكی گشتگری پەرەپێدانەوە كە لایەنی ماستەر كلاس و دامەزراندنی گروپی موزیكی هۆڵ لەپێناوی رەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ بەخشش و بەخشینی شارەزایی نوێ بەئەندامان، ئەو راسپاردانەی كە خزمەتی كاروانی پێشكەوتن دەكەن بریتین لەپێشكەشكدنی دانراوی موزیكە هاوچەرخە عیراقییەكان بەفۆرمێكی سەمفۆنی و جۆراوجۆركردنی كەلەپووری عیراقی و پێشكەشكردنی بەشێوەی ئۆركێسترالی و لەم بوارەشدا ئەزموونی سەركەوتوو هەیە وەك كاری دانراوە موزیكییەكانی (محەمد ئەمین عیززەت، عەبدولئەمیر ئەلسەراف، مونزیر جەمیل جافظ، عەبدولرەزاق ئەلعەزاوی، جۆن بەشیر، محەمەد عوسمان، حسام ئەلدین ئەلئەنصاری، عەلی خەصاف، نەبیل هانی، زەید عوسمان، موهەننەد فوئاد ).

پرۆفایلی كەریم وەسفی:

كەریم وەسفی، راوێژكاری سیاسی بێلایەن (ئەوروپا- عیراق)، جگەلەوەی سۆلیستی ئۆركسترایە، هەڵگری ئەم بڕوانامە ئەكادیمیانەیە:

- ماستەر لەژەنینی ئامێری چەلۆو مۆزیكی ئەلەكترۆنی، لەزانكۆی ئیندیانا لە USA.
- بڕوانامەی زانستە سیاسییەكان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لەزانكۆی بۆستن.
- بەكالۆریۆس لەفیزیاو فەلسەفە- زانكۆی قاهیرە.

لەچەندین فێرگەو قوتابخانەی موزیسی لەسەرتاسەری جیهاندا خوێندویەتی، سەرۆكایەتیكردنی ئۆركیسترای لەسەردەستی دەیڤد ئیفرۆن لەنیۆرك خوێندووە.

-ئەندامی سەندیكای هونەرمەندان و یانەو مونتەدای نیۆرك بۆ هونەر.
-ئەندامی یەكێتی سەرۆكایەتیكردنی ئۆركیسترایە لەئەمریكا.
- چەلۆی لەسەر دەستی ناودارترین انیاری سەدەی بیستەم لەجیهاندا (یانوش شتارگەر) خوێندووە.
- بەشداری چەندین ئاهەنگی گەورەی كردووە لەپلیتەختە جۆراوجۆرە جیهانییەكاندا.

## گۆڤاری هەنار لەم کتێبخانانە دەستدەکەوێت:

*خانەی بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرێتیی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.
*کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.
* کتێبخانەی سلێمانی، تەنیشت چایخانەی شەعب.
* کتێبخانەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شەقامی پیرەمێرد.

دەتوانیت گۆڤاری هەنار لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.dengekan.com
www.chrakan.com
www.chra.tv

نرخی 1000 دینارە

